کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە٤٤٥-نیوەی دووەمی ڕەشەمەی ١٤٠٢-مارچ ٢٠٢٤

## نەورۆزانە

ن: لاوێن ئەمانی

**«کۆشێ گوڵی گەشی پێیە ,مەعلووم بەشی مەشی پێیە»**

خۆڵ ژانی دێ لە ژانی ئەو برینانەی لە خۆی گرتووە. ئاو هانکەهانکێتی لە لێشاوی ئەو تالآوەی بەرینگی گرتووە. ئاسمان نووچی داوە لەو قامەتانەی ئەستووندەکیی بوون و کەوتنە زەوی. خۆر لەرزی گرتووە لە بەستەڵەکی ئەو ڕەشەساڵەی لە هەناویدا شکا. چی ئاوسە، بەسەر زاوە دەچێ. کەچی هێشتاش بەزمەساتە نەک مەرگەسات! بۆ هەر کوێ نیگات هەتەر دەکات، ڕەنگە، ئاڵ و والآ. پێلووت کە لێک دەبنەوە، شەو تاراوە، خۆرەتاو دەمێکە گەیشتووەتەوە چەقی ئاسمان. هەر گەواڵە دێت و دەڕوات و هەناوی زولاڵ. هەر زەوییە هەراو دەبێتەوە و ئامێزی ئاوەلا. هەر چاوەیە زار دەکاتەوە و دەپژێ، هەر خوڕێنکە و درێژ دەبێتەوە سەرتاپا ویستی گەیشتن. هەر گیانلەبەرە لە خەو ڕاساو تەژی لە حەزی جووتبوون. هەر تەیرە و ڕێوانی کۆچێکی نوێ. هەر بزەیە لە لێو ئەترازێ و ئەگاتە دیدە و برووسکە داوێژێ.

چیمەنتۆکان، تاوەرەکان، هۆڕنەکان، پەلەپەل و جێمانەکان، نەگەیشتنەکان، خەونەکان و بۆرژانەکان، پارەکان و نەبوونییەکان، تامەکان و برسێتییەکان، هیواکان و بکوژەکان، گوڵەکان و گشت چەکەکان... ژان و ژین و شین و شایی وێکرا دەنێژرێن و دەژیێنەوە. چاوێک ئەسرینە و یەکێک ئەوین. دەستێک قینە و یەکێک قاقا.

بەهار، وەرزێکی سەیرە! وەک بلێی دەمەلاسکێی سرووشت بێت، بەرامبەر کێ؟ مرۆڤ؟ ناکرێ سەرجەمی ئەم مەتەڵە هەڵنەهاتووە، ئەم نهێنییە هەزار ڕەنگە تەنیا لاسارییەک بێت لە ئاست مرۆڤدا، ناکرێ تەنیا فریوێک بێت بۆ ئەم بوونەوەرە بێبەندە سرک و ڕەوەکە. وەک بلێی مزگێنییەک بێت ڕەوانەکراو لە کۆتایی کۆتایی مێژووەوە: دڵئاوەلآ و خاپێنەر. لە خرۆشی خرۆکە سوورەکانی ناو مولوولەکانتدا بەخشندەییەکەی هەست پێ دەکەیت. باوەش، باوەش دەبەشێتەوە بێ ئەوەی لە ئامێزت بگرێت. لە «ڕۆژهەلآت»ەوە پێکەنینەکان، ئەلوانەکان، کۆمەڵی جەستەکان، پەنجەکان لە یەک کلۆم دەدات و سەرجەمیان ئەکاتە چۆپێکیشی خۆی. لە هەرچی مەرگ و خەفەت و بێ هیوایی و ناشیرینییە خۆی نەبان ئەکات و ساڵ چەندەش هەرامەت بوویێت، ئەو دواجار هەر دێت.

کۆشێ گوڵی گەشی پێیە

[ئاخۆ] بەشی مەشی پێیە؟!



## نیشاندانی هاودەنگی و یەکگرتوویی جەماوەریی لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز و چوارشەممە سووریدا



### سەروتار

## دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا هەڵناگەڕێنەوە

## پەیامی کۆمەڵە بە بۆنەی نەورۆز و سەرەتای ساڵی ١٤٠٣ی هەتاوی

**ئەو پەیامە ڕۆژی نەورۆز لە لایەن هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزدە لە تەلەویزیۆنی کۆمەڵەوە پێشکەش کرا**

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

بەهار دێت و سروشتی ڕازاوە بە دیاری دێنێت و جارێکی دیکە هەمان وانەی گەورەی سەرلەنوێ ژیانەوە و سەرلەنوێ سازدانەوەمان بیر دەخاتەوە

نەورۆز و ساڵی تازەتان پیرۆز بێت

ساڵێکی پڕ لە خۆشی و پڕ لە کامەرانی و سەرکەوتنتان بۆ ئاواتەخوازین. با لەم نەورۆزەدا و لە یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێدا جارێکی دیکە ڕێز لە یادی ئازیزترین ئازیزانمان بگرین، ئەوانەی کە سەربەرزانە ژیان و گیانیان لە پێناوی ئازادی و ژیانی ئاسودە و یەکسان بۆ هەموان بەخت کرد. ستایشی خۆڕاگری و دڵ گەورەیی بنەماڵە ئازیزەکانیان دەکەین. درووود و سڵاو بۆ خەڵکی خۆڕاگری کوردستان کە دەست لەناو دەستی یەک لە پێشوازی نەورۆزی ئەمساڵدا دیمەنێکی دیکە لە شۆڕشی ژینایان بە هەموان نیشان دا. سڵاو لە ژنانێکی زانا و وشیار و بوێر کە لە هەموو ئێران، هەر لە زیندانەکانەوە بگرە تا سەر شەقامەکان پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی شۆڕشەکەیان دەکەن

**ئازیزان،**

ئەگەر ساڵی ڕابردوو بارقورسی قەیرانی ئابووری داڕماوی ئێران بە سەر سەری زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتەدا شکایەوە و ژیانی جەماوەری تا ئاستی ژیانێکی مەمرە و مەژی دابەزاند، ئەگەر هەژاری و بێکاریی باڵی بەسەر ئەو وڵاتەدا کێشا، لە هەمان کاتدا دڵخۆشی و ئومێدمان ئەویە کە ساڵی خەبات و خۆڕاگریی و کۆڵنەدان بوو. لە کوردستانی شۆڕشگێڕ و بلوچستانی خۆڕاگر و بگرە لە زۆربەی شوێنەکانی دیکەی ئێران؛ سەرهەڵدانی ژن، ژیان، ئازادی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی شەش مانگی یەکەمی شۆڕشی ژینا، لە تاکتیک و شێوەی نوێی دا درێژەی پەیدا کرد، ژنانی پێشڕەو و ئازادە شەقامی شارەکانیان کردە گۆڕەپانی خەبات، سەرپۆشی زۆرەملێیان توورڕ هەڵدا و یاسا و ڕێسای ڕژیمی ئیسلامییان خستە ژێر پێڵاوەکانیان، ڕێز و حورمەتی ژن لە شوێنی کار و ژیان بە چەند قات باڵای کرد کرێکاران، خانەنشینان، ژینگە پارێزان، مەیدانی خەبات بۆ ژیانیان بۆ یەک ڕۆژیش چۆڵ نەکرد، زیندانیانی سیاسی، دادخوازان؛ هونەرمەندان و نووسەرانی پێشڕەو سڵیان لە ئەشکەنجە و زیندان نەکردەوە و ڕاستەوخۆ چاویان بڕییە چاوی دوژمن و بە ئاشکرا بەرهەمی شۆڕشگیرانەیان پێشکەش کرد، هاوکات جەماوەری خەڵک بەشداریی شانۆگەری هەڵبژاردنیان نەکرد و هەمووی ئەوانە حورمەتی دروشمی ئازادیان پاراست.بەمجۆرە بوو کە بە لێبڕاوییەوە دەتوانین بڵێین شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیان درێژە پێدا، کە بێ گومان دەبێت بە توێشووی ڕێگای بەرەو سەرکەوتنی یەکجاریی

**ئازیزان!**

هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە بەردەم گۆڕانکاری دایە؛ ڕژیم لە هەر لایەکەوە هەوڵدەدات بە سەر قەیرانی سیاسی و حکوومەتیدا

زاڵ بێ، زیاتر بە زەلکاوەکەدا ڕۆدەچێ، یەکگرتویی ڕیزەکانی خۆی بۆ ناپارێزرێ و بەردەوام لێی هەڵدەوەرێ سیاسەتی یەک دەست کردنی بۆ بەڕێوە ناچێ و لەگەڵ ئەوەشدا کە

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## درێژەی سەروتار

بەتەواوی ڕوتاوەتەوە و هەر جارە و کەلێنێکی تازەی تێدەکەوێ، لە سیاسەتی دەرەوەدا نەرمی دەنوێنێ و سیاسەتی سازان لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە پەیڕەو دەکات

هەر بەم هۆیەوە لەلای لایەنگرانی لە ناوچەکەدا ڕیسوا دەبێ و نفووزی خۆی لە دەست دەدات، بە جۆرێک کە هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تا دوێکە سیاسەتەکانی ئەویان پەیڕەو دەکرد ئەمڕۆکە بوونەتە وەباڵی گەردنی. ئەم قەیرانە بە ڕوونی لە جەریانی ڕووداوەکانی غەززە و جینایەتەکانی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل دا خۆی نیشان دا. هەمووی ئەوانە لە پاڵ قەیرانی قووڵ و چارەهەڵنەگری ئابوری و پەرەسەندنی گەندەڵییەکی کەم وێنە و ئەو نارەزایەتی و نەفرەتەی لە ناو دڵی جەماوەردا پەنگی خواردۆتەوە، ڕژیمی کۆماری ئیسلامیان خستۆتە بەردەم دارمان و یان جۆرێک لە گۆڕانکارییەوە. ئەم گۆڕانکارییە بە پێی بەرژەوەندی چینایەتی و سیاسی هەم لە سەرەوەی دەسەڵات و لایەنە نەیارەکان و هەم لە خوارەوە لە ناو جەماوەردا تەداروکی بۆ دەبیندرێ. لە سەرەوە دەبینین کە ئامادەکاری بۆ دوای خامنەیی دەکرێ و هەوڵ دەدرێ بەبێ شۆڕش و گۆڕانکاری بنەڕەتی، سەروبەری قەیرانی حکوومەتی پێک بێنن و پێکهاتەی ئابووری وڵات و سەروەت و سامانی ژێر دەسەڵاتی سپای پاسداران لە بەرژەوندی گشتی نیزامی سەرمایەداری ئێران بپارێزن،

واتە قەیرانەکە تەنیا بە گۆڕینی دەم و چاوەکان تێپەڕ بکەن. ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژئاواش هەر ئەویان دەوێ. ئۆپۆزسیۆنی دەستە ڕاستیش ئەوەی دەوێ و هاوئاهەنگ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی دوورخراوە لە دەسەڵات، لە ناوەوەی وڵات بە یارمەتی دەزگاگەلێکی زەبەلاحی تەبلیغاتی کە لەبەر دەستیاندایە هەوڵ دەدەن دەسەڵاتی سیاسی بەو ئاقارەدا بەرن و بەدیلێکی دابینکەری بەرژەوەندییەکانی خۆیان بۆ داهاتوی ئێران شکڵ پێ بدەن.

بەڵام ئەوە تەنیا ئەگەر و تەنانەت بە هێزترین ئەگەریش نییە کە لە بەردەم کۆمەڵگای ئێراندایە لە خوارەوەش لە قوڵایی کۆمەڵگادا، گەرای شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی داندراوە. لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردودا شاهیدی گەلێک سەرهەڵدانی گەورە لە دژی کۆماری ئیسلامیی بووین، وەکو لە ساڵەکانی ٧٦ و ٨٨ و ٩٦ و ٩٨ی هەتاوی، بەڵام لە شۆڕشی ژینادا خەڵک لە هەمان کاتدا کە نیشانیاندا ئەو ڕژیمەیان ناوێ، بە ڕوونی نیشانیشیاندا کە چییان دەوێ. دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، لە ناوەرۆکی خۆیدا هەم ستراتێژی ئەمڕۆی جەماوەری ڕاپەڕیو بوو و هەم بەرنامەی داهاتوی ژیانی کۆمەڵگا. ئەو دەسکەوتانەی کە لە شۆڕشی ژینادا بەدەست هاتوون قابیلی هەڵگەڕانەوە نین. لە بیرمانە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕوانگەی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامییەوە تەنانەت وەرزش و شەترەنج حەرام بوون، بە دوایدا ویدئۆ و ماهوارە و انترنێت قەدەغە کران، ژنان بۆیان نەبوو بچن بۆ وەرزشگاکان، دیتمان کە ڕژیم بە ناچار بەرامبەر بە هەمووی ئەوانە پاشەکشەی کرد، لە شۆڕشی ژینادا گەشتی ئیرشاد کۆ کراوە و پۆششی ئیسلامی سەرەڕای یاسای یەک لە دوای یەک بە کردەوە بوو بە دڵخواز. ڕاستە کە بە هەمووی ئەوانەشەوە ئەو ڕژیمە هێشتا هەر لە سەرکارە، بەڵام ئەو ڕاستییەش حاشاهەڵنەگرە کە بەرامبەر بە خەڵک و بەرامبەر بە گۆڕانکارییەکانی زەمانە لە ناوەرۆکدا شکستی خواردووە و ڕەوتی پاشەکشەی ڕژیم تا ڕوخانی یەکجاریی، بەردەوامە.

**بەڵام ئازیزان!**

ئەزموونی یەکساڵ و نیوی شۆڕشی ژینا پێمان دەڵێ کە گرنگترین کەم و کوڕی ئەو شۆڕشە نەبوونی یا وردتر بڵێین لاواز بوونی ڕێکخستنی مەدەنییە لە هەموو بوارێکدا. هەربۆیە هەنگاوی دوایی بۆ ئەوەی پێش بە بەدیلی یەکەم کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا بگیرێت، ئەوەیە کە جەماوەری تێکۆشەر، لە هەر شوێنێک هەن، لە کارگە و کارخانە، لە مەدرەسە و زانکۆ، لە گەڕەکی شار و گوندەکان، بەهەر ژمارەیەک کە ئیمکانی هەیە، بەو ڕێکخراوانەی کە ئێستا هەن، پەیوەست بن یان ڕێکخراوە گەلێکی پێشڕەوی خۆیان لە بوارەکانی کرێکاریی، فەرهەنگی، وەرزشی، ژنان، خوێندکاران، ڕۆشنبیران، ژینگە پارێزان، موعەلیمان، پەرستاران، پارێزەران، خانەنشینان، ماڵ خوراوەکان و بێکاران، پێکبهێنن و لەپێناو کردنیان بە ڕێکخراوگەلێکی بەرینی کۆمەڵایەتی و گرێدانیان بە یەکتر، تێبکۆشن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا، هەرچی دیاردەی دزێو و ناشیرینی نیزامی سەرمایەدارییە، توندوتیژتر بەربینیان بە کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتە گرتووە. دژوارییەکانی بەرێچوونی ژیانی خەڵکی زەحمەتکێش و دەست تەنگ، کەلێنی قووڵی چینایەتی نێوان سەروەت و هەژاری، بێ بەهرەبوونی جەماوەری خەڵك لە خزموتگوزارییە سەرەتاییەکان، بێکاری و بێ ئاسۆیی لاوان، هەڵاواردن و ستەم، نەبوونی ئازادی و پێشێل کردنی سەرەتایی ترین مافی دێموکراتیکی خەڵك، پەرەسەندنی جۆرەها دیاردەی ناشیرنی کۆمەڵایەتی، هەمووی ئەوانە دەستیان داوەتە دەستی یەک و کۆماری ئیسلامی ئێرانیان کردووە بە یەکێك لە دزێوترین ڕژیمەکانی ئەم سەردەمە. لەم ئێرانەدا ڕژیمێک لە سەرکارە کە ئاکار و کردەوەی، سیاسەت و فەلسەفە و بیروبۆچوونی، هەمووی مایەی شەرمەزاری بەشەرییەتی سەردەمی ئێمەن و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی ئێران، ئەوەمان پێدەڵێ کە لە لایەکەوە ئەو دۆخە قابیلی تەحەمول نییە و لە لایەیەکی دیکەوە بۆ گورانکاری جیدی لە داهاتووی ئێران، خەڵکی ئەو وڵاتە ناتوانن بە هیچ هێزێک جگە لە هێزی خۆیان پشت ببەستین جەماوەری خەڵکی کوردستان و ئێران لە خەبات دژبە کۆنەپەرستی ئیسلامیدا هەزینەیەکی قورسیان داوە. حکوومەتی ئیسلامی بە شوێن قەتڵی حکوومەتی ژینا ئەمینی دا، زیاتر لە ٦٠٠ کەسی لە زیندانەکان و لەسەر شەقامەکان کوشتووە تا بڵێسەکانی شۆڕشێک کە بە کوژرانی ژینای لاو داگیرسابوو، کپ بکاتەوە. بە هەزاران کەسی بە تەقەی ڕاستەوخۆ بریندار کرد و دەیان هەزار کەسیشی خستە گۆشەی زیندانەکانەوە حکومەتی ئیسلامی دەبێ وڵامدەرەوەی سەرجەم ئەو جەنایەتانە بێت کە بۆ داسەپاندنی چەوساندنەوەی بێسنوور، ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی مەزهەبی و دواکەوتوو ڕاگرتنی بە ئانقەستی ئابووری کوردستان کردوویەتی. جەماوەری خەڵکی تینووی ئازادی لە ئێران کە لە یەک سەدەی ڕابوردوودا لەگەڵ ئیستبدادی سەڵتەنەتی و کۆنەپەرستی مەزهەبی دەستەویەخە بوون، بێ گومان لە درێژە و لە ئاکامی خەباتیاندا نیزامێک بونیاد دەنێن کە تێیدا ئێعدام و ئەشکەنجە، ئاسەواری نابێت. زیندانی سیاسی بوونی نابێت، پێشێل کەرانی مافەکانی خەڵک و ئەوانەی ئازادییە سیاسییەکان زەوت دەکەن محاکەمە و ناچار بە وڵامدانەوە دەکرێن، گەلێک لەوەش زیاتر دابینکردنی ژیانی شایستەی ئینسان لە ئێرانێک دا کە لە دەریایەک سەروەتی ژێر زەوی و میلیونها ئینسانی ئامادە بەکار بەهرەمەندە، ئاوات و بەرنامەیەکی خەیاڵی نییە، دەبێ بنەمای دەسەڵاتی داهاتو بێت. چونکە ئەمڕۆ ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە هێزی دەست و بازوو و بیر و مێشکی ئینسانی داهێنەر و خوڵقێنەر ئەو جیهانەی لێواولێوی بەرهەمی نوێ و لێواولێوی سەروەت و ئیمکاناتی ئاسوودە بۆ ژیان کردووە، بەڵام خوڵقێنەرانی ئەو سەروەت و نێعمەتە لە بەرهەمی ڕەنج و کاری خۆیان و لە سەرەتاییترین ئیمکانات و مافی ئینسانی بێبەش و بێگانەن. ئەو هێزە لەبن نەهاتووە و ئەو سەرزەوی و ژێر زەویە بە پیت و خاوەن بەرهەمە، ئەگەر بە یەکەوە بکەونە کار بێگومان هەموو پێداویستەکانی ژیانێکی ئاسوودە و یەکسان و بەختەوەرانە بۆ دانیشتوانی ئەو وڵاتە دابین دەبێت. ئەوەیە ئەو بەدیلەی کە بۆ بەدیهێنانی پێویستە خۆمان لە هەموو ڕوویەکەوە تەیار بکەین و ئاسۆی وەدیهاتنی ڕوونە بەو هیوایەی کە ساڵی داهاتوو ساڵی گۆڕانکاری و تێپەڕبوونی شۆڕشگێڕانە لە حکوومەتی ئیسلامی ئێران و سەرەتای گەیشتن بە وەها کۆمەڵگایەک بێت

**نەورۆزتان پیرۆز**

****

# ئێران لەسەر بەستێنیەکساڵ شۆڕشی « ژن، ژیان، ئازادی»

یەکەم - ئەمڕۆ ئێران ساڵێک و شەش مانگی لەسەر بەستێنی شۆڕشی ژینا تێپەڕ کردووە. شۆڕشێک کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٤٠١دا چەخماخەکەی لێدرا و بۆ ماوەی شەش مانگ بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە بەردەوام بوو. ئەگەر ئەوکات ژنان و لاوان لەسەر شەقامەکان ئەم شۆڕشەیان بەرەوپێش دەبرد، بەڵام لە یەکساڵی ڕابردوودا شۆڕشی شکۆداری ژن، ژیان، ئازادی، لەژێر سەرکوت و خەفەقانی لەڕادەبەدەری حکوومەتی ئیسلامیدا، گەشەی سەندووە و بەردەوام قووڵتر بووەتەوە

*- خەبات و خۆڕاگری ژنان و لاوان لەپێناو بەدەستهێنانی مافی لەبەرکردنی جلوبەرگی دڵخواز، لە فۆرم و شێوازی جۆراوجۆر و لە ئاستێکی بەهێز و کاریگەردا بەردەوام بووە. ئەم خۆڕاگرییە کۆمەڵایەتییە درەوشاوەیە، سەرەڕای یاسا و ڕێسا دژە مرۆییەکان و جێبەجێکردنی پرۆژە یاسای دژە ژنی «حیجاب و عیفاف» بەبێ پەسەندکران و سەرەڕای جەریمە قورسەکان، دەستبەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلەکان و داخستنی سەیرانگا و چێشتخانەکان، گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە سیمای شارەکانی ئێراندا پێکهێناوە و ئینسانی تری کردووە. بۆ نموونە کاردانەوەی کۆمەڵگا بەرامبەر بە خۆڕاگریی درەوشاوەی ئەو ژنە بوێرەی شاری قوم بەرامبەر بەو ئاخوندە کۆنەپەرستە، ڕەهەندێکی جیهانی وەرگرتووە و لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتی و ڕاگەیەنەرە گشتییەکان، ڕۆژنامە ناوخۆییەکان و تەنانەت لەناو توێژی مەلا و باوەڕمەندانی ئایینی دا قەسە و باسێکی بەربڵاوی پەرەپێداوە. دەکرێ بەدڵنیاییەوە بوترێ کە ئاخووندە شیعەکان و حکوومەتی ئیسلامی گەمەکەیان بە ژنانی بوێر و چاونەترسی ئێران دۆڕاندووە. ژنانی ئێران ئەمڕۆ بە شانازییەوە ئاڵای خەبات لە دژی پیاوسالاری و دەسەڵاتدارە ئایینیەکانی پشتیوانیان، خەبات لەپێناو مافی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان و لە یەک وشەدا خەبات لەپێناو ئازادیان بەرزکردووەتەوە. ئێران خەریکی بەرەوپێش بردنی یەکەمین شۆڕشی ژنانەیە لە جیهاندا

*- هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و نافەرمانی مەدەنی بۆ بەدەستهێنانی مافی لەبەرکردنی جلوبەرگی دڵخواز و ئازادیی ڕادەربڕین، بزووتنەوەی داواکاریی تەوەرەی مووچەخۆرانیش لەم یەک ساڵەدا، هەنگاوی گەورەی ناوە. بزووتنەوەی داواکاریی تەوەری خانەنشینان، بێ پسانەوە بەردەوام بووە. ڕۆژانی یەکشەممە، دووشەممە، سێشەممە و چوارشەممەی هەموو هەفتەیەک، شاهیدی کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و دروشمی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خانەنشینان بووین. خانەنشینانی کیشوەری، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییەکان، فولاد و کەرتەکانی دیکە، بەردەوام هاتوونەتە سەر شەقامەکان و داواکارییەکانیان بەرز کردووەتەوە. سەرەتاکانی لێک نزیکبوونەوەییەکی دڵخۆشکەری نێوان خانەنشینان، مژدەبەخشی بزاڤێکی یەکگرتوو، لێکهەڵپێکراو و هەماهەنگە لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەو توێژەدا. نارەزایەتی و کۆڕ و کۆبوونەوەی کرێکارانی کەرتە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان لەوانە فولاد، نەوت، پێترۆشیمی، کانەکان و کارگەکانی بەرهەمهێنانی کاشی، لەدژی کەمی حەقدەست، لەدژی حەقدەستە وەدواکەوتووەکان، دژی شیرکەتە پەیمانکارییەکان و واژۆی سپی و گرێبەستە کاتییەکان بەردەوام بووە. هاوکات لەگەڵ خەباتی کرێکاران لە کەرتەکانی بەرهەمهێناندا، شاهیدی خەباتی کرێکارانی بەشە خزمەتگوزارییەکانیش بووین. نارەزایەتی و کۆڕ و کۆبوونەوەی پەرستاران، خۆڕاگریی درەوشاوەی مامۆستایان، خەباتی کرێکارانی پاککەرەوەی بەشی پیشەسازی گواستنەوە، ئاوەڕۆکانی شار و کارمەندانی بانکەکانیش بە درێژایی ساڵ بەردەوام بووە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ.

درێژە لە لاپە ڕە ی٣

درێژە ی لاپە ڕە ی ٢

بزووتنەوەی ماموٚستایان، سەرەڕای سەرکوتی توند و دڕندانەی ڕژیم و دەرکردن و دوورخستنەوەی ماموٚستایانی وشیار و لێهاتوو، خوٚڕاگرییەکی درەوشاوەی لەخوٚی نیشانداوە

*- بزووتنەوەی دیفاع لە ژینگە یەکێکە لەو بوارانەی دیکەی کە بزووتنەوەی شوٚڕشگێڕانەی ئێران لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئەزموونی کردووە. خەباتی درەوشاوەی خەڵکی ئەراک و قەزوین یان جووتیارانی ئیسفەهان و خەڵکی ورمێ لەپێناو پاراستنی ژینگە و هەوای پاک و هەروەها بوژاندنەوەی دەریاچە و تالاٚو و ڕووبارەکان، هاریکاری و هەرەوەزییە کوٚمەڵایەتییە بەربڵاوە جەماوەرییەکانی کوردستان لە کوژاندنەوەی ئەو ئاگرانەوە بگرە کە حکوومەتی ئیسلامی بە بیانووی «پاراستنی ئەمنییەت» بەریداوەتە گیانی دارستانە بەرووەکانی ئەو ناوچەیە و هەروەها چالاکییە بەربڵاوەکانی سنە و مەریوان و بانە بەمەبەستی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی جەژنی نەوروٚز و چاندنی نەمام و خاوێنکردنەوەی ژینگە و تا بنیاتنانی دەیان دامەزراوەی پێشڕەوی ژینگەپارێزی، نیشانەی وشیارییەکی گشتییە لەناو خەڵکی کوردستان و ئێران بوٚ بەرگریکردن لە ژینگە. ئێستا ئیتر بوٚ هەموو لایەک ڕوونە کە حکوومەتی کوٚنەپەرستی ئیسلامی، هاوشان لەگەڵ قازانج پەرستی و چاوچنوٚکی بێ سنووری سەرمایە، دوژمنی سەرەکی ژینگەیە لە ئێراندا. کاتێک هەستی بەرگری لە ژینگە و داکوٚکی لە مافی ئاژەڵان، لە ویژدانی گشتی خەڵکی وڵاتێکدا چەکەرە دەکات، ئەوە نیشانەی ئاستی بەرزی گەشە و بەرەوپێشچوونی هوٚشیاری گشتی کوٚمەڵایەتییە

*- بزووتنەوەی دادخوازی یەکێکی ترە لە بزووتنەوە ئازادیخوازەکان. ئێستا ئیتر شاهیدی بوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەری و بەربڵاوی دادخوازین. بزووتنەوەیەکی کە دایکان و بنەماڵە و ئازیزانی گیانبەختکردووانی دەیەی یەکەمی شوٚڕش، هێرشی وەحشیانە و کوٚمەڵکوژی لە کوردستان و تورکمان سەحرا، قەتڵی عامەکانی شەست و حەوت، قوربانیانی قەتڵە زنجیرەییەکان، تیروٚر و کوشتارەکانی ٨٨، ٩٦، ٩٨، ١٤٠١ و ١٤٠٢ی، هەنگاو بە هەنگاو یەکگرتووتر کردووە. ئەم خەباتانە لەگەڵ ناڕەزایەتیی بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و ناڕەزایەتی بنەماڵەی ئێعدامکراوەکان و قوربانیانی زیانە کوٚمەڵایەتییەکان لێکهەڵپێکراون و بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی گشتی بوٚ داکوٚکیکردن لە مافی ژیانی ئینسان و هەروەها دیفاع لە ئازادییە بێسنوور و بێ شەرت و مەرجەکانی پەرە پێداوە. بزووتنەوەی «نا بوٚ سزای لەسێدارەدان» و «هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان» ئێستا ئیتر بووەتە بزووتنەوەیەکی گشتی. خەڵکی ئێران وردە وردە دەگەنە ئەو ئاکامەی کە سیاسەتی قەساس و توٚڵەسەندنەوە، سیاسەتێکی سەر بە کوٚمەڵگە دواکەوتووەکانە و بیر و هزرێکی سەدەی ناوەڕاستییە. ئەم هوٚشیارییە گشتییە دەستکەوتێکی گەورەیە کە پێویستە بپارێزرێت و پەرەی پێ بدرێت. لەم نێوەندەدا، ڕاپوٚرتی «لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکان»ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کوٚماری ئیسلامی لە کاتی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ڕابردوودا، بەهوٚی «پێشێلکردنی جددی مافەکانی مروٚڤ»، «جینایەتی دژی بە مروٚڤایەتی» ئەنجام داوە، هێز و وزەیەکی زوٚر بە بزووتنەوەی دادخوازی دەبەخشێت. ئەم لیژنەیە کە لە لایەن «شوٚڕای مافی مروٚڤ»ی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەستنیشان کراوە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە حکوومەتی ئێران بە بەکارهێنانی توندوتیژی و لێپێچینەوە و ئەزیەت و ئازاری جنسی و جێندەری، دەستی داوەتە تاوانێکی دژ بە مروٚڤایەتی. ڕاپوٚرتێکی لەم شێوەیە دەکرێ بە سەرکەوتنێکی گەورە بوٚ بزووتنەوەی دادخوازی ئێران هەژمار بکرێت

**یەکەم-** پێشەنگایەتی بزووتنەوەی شوٚڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان لە ناڕەزایەتییە ئازادیخوازەکانی دژ بە ڕژیم و خوٚڕاگریی درەوشاوەی خەڵکی بەلووچ، بە ئیلهام وەرگرتن لە دروشمە بنەڕەتییەکانی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»، هاودەنگیی و هاوخەباتی نەتەوەیی خەڵکی ئێرانی، تا ئاستێکی بەرچاو بەرز کردووەتەوە. **بەڕێوەچوونی شکوٚداری ڕێوڕەسمەکانی پێشوازی لە نەوروٚز لە شار و گوندەکانی کوردستان، ئاوازە و مژدەبەخشن.** ڕێوڕەسمگەلێکی کە تێیدا دەیان هەزار ژن و پیاو و گەنج و پیر، سەما دەکەن، شادی دەردەبڕن، سروود و ئاوازی شوٚڕشگێڕانە و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەڵێنەوە. بڵاوکردنەوەی گوڵی سوور و هەڵگرتنی ئالاٚ و پلاکارد و لەبەرکردنی جل و بەرگی سوور و ئاڵ و والاٚ بوٚتە هێمای خەبات و بەرخوٚدانی بەکوٚمەڵ. ئێستا ئیتر کەمتر کەسێک موٚرکی جوداخوازی لە خەبات بوٚ مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی ئێران دەدات. قبووڵکردنی بوونی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی لە هەردوو دەسەڵاتی دیکتاتوٚری پەهلەوی و ئیسلامی و خەبات و تێکوٚشانی گشتی بوٚ یەکسانی یاسایی، سیاسی، فەرهەنگی و قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووریی ئەو نەتەوە یان هەرێمانە، بووەتە هوٚی بەهێزتر بوون و پتەوترکردنی خواستێکی گشتی بوٚ یەکگرتوویی دڵخوازانە لە نێوان نەتەوەکاندا. زوٚرێک لە هێزە کوٚنەپەرست و مەزهەبی و تائیفی و ڕاستە ناسیوٚنالیستەکانی، کە هاوکات لەپێناو بەرژەوەندی بەرتەسکی خوٚیاندا دەبنە ئامرازی دەستی زلهێزە دەرەکییەکان، خستووەتە پەراوێزەوە. ئەم هاوپشتییە درەوشاوەی نێوان نەتەوە جوٚراوجوٚرەکانی ئێران لە ڕووداوگەلێکی وەک کوٚکردنەوەی یارمەتییەکانی خەڵک بوٚ لێقەوماوانی لافاوەکەی باشووری بەلوچستان دا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت. بە واتایەکی تر دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و نەهێشتنی ناوەندگەرایی لە سیستەمی دیکتاتوٚریی دا، هاوکات لەگەڵ بە فەرمی ناسینی




جیاوازییە زمانی، فەرهەنگی و ئایینییەکان و جەختکردنەوە لەسەر نامەرکەزی لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات و گەرەنتی کردنی مافەکانیان لە سیستەمی سیاسی وڵاتدا و قەرەبووکردنەوەی ئەو ڕەنج و ئازار و جیاکاریانەی کە لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا لەسەر ئەم ناوچانە بەکار هێنراون، دەتوانێت کاریگەرییەکی زوٚری هەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان سەرجەم نەتەوەکانی وڵات و پێکهێنانی یەکێتی دڵخوازانە و یەکسانیی مافەکانیان

**دووەم** - هاوکات لەگەڵ پێشڕەوی درەوشاوەی خەبات لەپێناو نان وئازادی دا کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە سەرانسەری ئێران لە ئارادا بووە، چالاکی و ئەکتی جەماوەری و نافەرمانی مەدەنی لە ژێر ناوی «بزووتنەوەی بایکوٚتکردنی هەڵبژاردن»یش بوو بە مانشێتێکی دیکە لە خەبات و بەرەوڕووبوونەوەی خەڵکی ئێران لەگەڵ ئەم سیستەمە کوٚنەپەرست و دوٚزەخییە. سەرەڕای هەموو پڕوپاگەندەکانی ڕژیمی ئیسلامی و سەرەڕای هەموو درۆ و چەواشەکارییەکانی ڕاگەیەنەرە گشتییەکانی سەر بە حکوومەت، «بزووتنەوەی بایکوٚتی هەڵبژاردن» ڕەهەندێکی جەماوەریی بێ وێنەی بەخوٚیەوە گرت. جگە لە چەند سەد هەزار کەسێک لە هێزە ئیدئوٚلوٚژی و خاوەن بەرژەوەندی و ڕێکخراوەکانی ڕژیم، کەسی تر دەنگی بەو کاندیدە هەڵبژێردراوانەی حکوومەت نەدا کە لە فلتەری شوٚڕای نیگەهبان و چاودێری تێپەڕ ببون. ئێستا ئیتر بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە حکوومەتی ئیسلامی لە گەشبینانەترین حاڵەتدا تەنیا نوێنەرایەتی پێنج بوٚ حەوت لەسەدی خەڵکی ئێران دەکات. واتە کەمینەیەکی کوٚنەپەرست و بناژوٚخواز، بەلاٚم دەروەزەکەر و خاوەن ئیمتیاز، کە بە هێزی زوٚر و سەرنێزە، دەسەڵاتی خوٚی بەسەر زوٚرینەیەکی ڕەهادا سەپاندووە. ئەم گەمارۆ بەرچاو و بەڕبڵاوە دەریخست کە بەشێکی زوٚر لە باوەوەڕمەندانی ئایینی و تەنانەت لایەنگرانی باڵی ناو حکوومەتیش، لە بێ داهاتوویی ئەم حکوومەتە ستەمکارە ئاگادارن. بەربڵاویی دەنگە سپی و نادروستەکانیش لە شارە جوٚراوجوٚرەکان نیشانی دا کە بەشێکی زوٚر لە دەست و پێوەندەکانی حکوومەت یان ئەو کەسانەش کە دەبوو ناسنامەکانیان موٚری لەسەر بدرێت، هیچ ئومێدێکیان بە داهاتووی ئەم ڕژیمە نییە و بە حکوومەتێکی شیاوی دیفاع لێکردنی نازانن. بزووتنەوەی جەماوەری و درەوشاوەی «ژن، ژیان، ئازادی» بە خوٚڕاگریی مەدەنییانە و بەردەوام و جێگەی ستایشی خوٚی، وەک نەرمە بارانی بەهاران، هەموو پایەکانی حکوومەتی ئیسلامی دارزاندووە و بەستێنی دارمانی، ئامادە کردووە

سێیەم: قەیرانی حکوومەتی ئیسلامی ڕوٚژ بە ڕوٚژ پەرەدەسێنێت. واقیعییەت ئەوەیە کە دەسەڵات بوٚ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم بزووتنەوە جەماوەرییەی کە یەکەم شەپوٚلەکانی لە مانگی بەفرانباری ساڵی ٩٦دا دەستی پێکرد، سیاسەتێکی ڕوونی گرتووەتەبەر کە بریتییە لە یەکدەستکردنی دەسەڵات و سەرکوتی وەحشیانەی بزووتنەوەی جەماوەری. ڕێبەری ڕژیمی ئیسلامی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی یەکێتی سوٚڤیەت، کە بەپێی دانپێدانانی خوٚی، بەشێوەیەکی ڕوٚژانە و بەردەوام بەدواداچوونی بوٚ ڕووداو و پێشهاتەکانی دارمانی یەکێتی سوٚڤیەت کردووە و خاڵبەخاڵ لای خوٚی نووسیوییەتەوە، بە ئەزموون وەرگرتن لە سیاسەت و تاکتیکەکانی محەممەد ڕەزا پەهلەوی لە دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتەکەیدا و بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێنماییەکانی ئەشکەنجەگەرانی وەک پەرویز سابتی، بەو ئاکامە گەیشتووە کە هەر هەنگاوێک پاشەکشە کردن لە بەرامبەر بزووتنەوەی جەماوەریدا دەتوانێت زوٚر مەترسیدار بێت. لەمڕووەوە یەکدەستکردنی ناوخوٚی دەسەڵات و سەرکوتی بزووتنەوەی جەماوەریی، یەکێکە لە میحوەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی حکوومەتی ئیسلامی بوٚ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم بزووتنەوە بەرین و جەماوەرییەی ئێستا. سیاسەتی یەکدەستکردنی دەسەڵات بە شێوەیەک بەرەوپێش چووە کە زوٚربەی هەرەزوٚری باڵەکانی لایەنگر و پشتیوانی کوٚماری ئیسلامی خراونەتە دەرەوەی ئەو بازنەیە. ڕەتکردنەوە و دەرهاویشتنی بەربڵاوی کاندیدەکانی سەر بە باڵی ڕیفوٚرمخواز و میانڕەو و تەنانەت ڕاستە تەقلیدی و بناژوٚخوازە میانڕەوەکانیش، ئاست و ڕەهەندەکانی ئەم یەکدەستکردنە بە ڕوونی نیشان دەدات. بەلاٚم

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٤٥-نیوەی دووەمی ڕەشەمەی ١٤٠٢ -مارچ ٢٠٢٤



درێژەی لاپەرەی ٣

هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە دەریخست کە قەیرانەکان ئێستا ئیتر تەنانەت گەیشتووەتە ناو بازنەی بەرتەسکی دەسەڵاتیش. یەکێک لە نیشانەکانی ئەم قەیرانە بریتییە لە فریودانی بناژۆخوازانی نوێی جێ متمانەی ڕێبەریی، بە سەرۆکایەتی حەداد عادڵ، لەلایەن لایەنگرانی پایەداری و میسباحی یەزدییەوە، کە دەنگی ڕێکخراویان لەبەردەستدایە. لە هەمان کاتدا بناژۆخوازە تەقلیدییەکان و جەمعییەتی موئتەلفە و هێزە حوجەتییەکان، لەم نێوەندەدا، بەملاو ئەولادا ڕادەکێشرێن. پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ئەم ڕەوتە ڕێکخراوانەی ناو بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات، نەک هەر ئیمکانات و سامانێکی زۆریان لەبەردەستدایە، بەڵکوو هەریەکەیان لە نێو هێزەکانی سپای پاسداران و ئەرتەشیش دا، لایەنگر و هاوپیاڵەی خۆیان هەیە. ئێستا شەڕی نێوان گورگەکان فۆرمێکی لەڕادەبەدەر مەترسیداری وەرگرتووە. شەڕ لەسەر پۆستی سەرۆکایەتیی مەجلیس و کاندیدبوون بۆ سەرۆکایەتی کۆمار لە ساڵی ١٤٠٤، هاوکات لەگەڵ ئامادەکاری بۆ جێگرەوەی ڕێبەری ڕژیم، ڕەهەندگەلێکی نوێی بەخۆیەوە بینیوە. ئاشکرایە کە ئێستا دەسەڵات بەتەواوی بەدەست وەلی فەقیهەوەیە و بڕیارەکانی ئەو دەتوانێت ئاراستەی پێشهاتەکان بە شێوەیەکی جددی بگۆڕێت. بەڵام ڕێک ئەو کاتەی کە سەر دەنێتەوە و چیتر توانایی دەستوەردانی نامێنێ، شەڕی نێوان گورگەکان، شێوازێکی دڕندانەتر بەخۆیەوە دەگرێت. بەڵام لەم ململانێیی دەسەڵاتەدا، هێشتا دیار نییە کە پلانی بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات چییە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە سیاسییە گشتییەی ئێستا و بە کام ڕێوشوێن دەتوانێت خۆی لە هەڵدێری ڕووخان دەرباز بکات

**چوارەم-** حکوومەتی ئیسلامی هاوکات لەگەڵ هەرچی زیاتر بەرجەستە بوونەوەی ڕەهەندەکانی نارەزایەتی جەماوەریی، سیاسەتەکانی خۆی بەمەبەستی کۆنتڕۆڵکردنی بزووتنەوەکە لە سێ مێحوەردا بەرەوپێش دەبات. میحوەری یەکەم، بریتییە لە هەوڵدان بۆ یەکگرتوو ڕاگرتنی هێزەکانی ناو بازنەی بەرتەسک و یەکدەستکراوی دەسەڵات، میحوەری دووەم، بەرەوپێش بردنی سیاسەتی سەرکوت و توندوتیژیی هەمەلایەنە و فاشیستیی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خەڵک بۆ ڕێگریکردن لە بەرەوپێش چوونی بزووتنەوەی جەماوەری



و میحوەری سێیەمیش بریتییە لە ڕەچاوکردنی تەسلیم تەڵەبی لە سیاسەتی دەرەوەدا بەمەبەستی کەمکردنەوەی گوشارە دەرەکییەکان. میحوەری یەکەم و دووەم بەڕادەی پێویست ڕوونن و لە سەرەوەش ئاماژە بە لایەنەکانی کراوە. دەکرێت پرسی ڕەچاوکردنی تەسلیم تەڵەبی لە سیاسەتی دەرەوە لە بوارە جیاوازەکاندا بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە درێژەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ عەرەبستان، میسر و شێخ نشینە عەرەبییەکانی سنووری باشووری کەنداوی فارس، سیاسەتی «سەبری ستراتێژیک» لە شەڕی غەززە و باشووری لوبنان، نیشانەیەکی ئاشکرایە لە سیاسەتی تەسلیم تەڵەبی و پاشەکشەکردن لە سیاسەتی دەرەوەدا. لەگەڵ پێشهاتەکانی دوای ٧ی ئۆکتۆبەر و جینایەتە دژە مرۆییەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل لە وێرانکردنی غەززە و کوشتاری بێبەزەییانەی خەڵکی بێ دیفاعی ئەو ناوچەیە، سیاسەتی دیفاع لە «ڕزگارکردنی قودسی شەریف» و «لەناوبردنی ئیسرائیل» بە تەواوی لەبیر چووەتەوە. سیاسەتێکی کە سەرلێشێواوی و نائومێدییەکی زۆری لە نێو لایەنگرانی ڕژیم لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا دروست کردووە. حکوومەتی ئیسلامی تەنانەت ناچار بووە کە گرووپەکانی لایەنگری خۆیشی لە عێراق کۆنترۆڵ بکات بۆ ئەوەی کە نەبنە هۆی تووڕەبوونی ئەمریکا و کاردانەوەی سەربازی ئەو وڵاتەی لێ نەکەوێتەوە. دیدار و چاوپێکەوتنە نهێنییەکانی نوێنەرانی ئەمریکا و ئێرانیش کە لە لایەن نیویۆرک تایمزەوە ئاشکرا کرا، هەوڵێکە بە هەمان ئاراستەدا. ئەگەری ئەوە هەیە کە حکوومەتی ئیسلامی لە بەرامبەر کۆنترۆڵ کردنی حوسییەکانی یەمەندا، ئیمکانی دەست پێڕاگەیشتن بەو سەچاوە داراییانە بەدەست بهێنێت کە لە لایەن ئەمریکاوە بلۆک کراون. پێگەی لاوازی حکوومەتی ئیسلامی لە بەرامبەر چین و ڕووسیاش کە لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانی سنووری باشووری کەنداوی فارسدا بوونەتە هاودەنگ و خوازیاری پێداچوونەوەی یاسایی بە پرسی دورگەکانی «ئەبوومووسا و تومبی گەورە و تومبی بچووک»دا بوون، پێویستە هەر لەم ئاراستەیەدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. بەراوردکردنی ئاستی پەیوەندییە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکانی نێوان چین و ڕووسیا لەگەڵ عەرەبستان و وڵاتانی باشووری کەنداوی فارس، لەگەڵ ئاستی ئاڵوگۆڕ و پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، ئەوپەڕی لاوازیی پێگە و بێدەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نیشان دەدات. ڕەچاوکردنی سیاسەتی تەسلیم تەڵەبانە لە سیاسەتی دەرەوەدا و ڕسوایی پێوانە دووفاقییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە بواری «مافەکانی مرۆڤ»دا، دوای پشتیوانی هەمەلایەنەیان لە تاوانە دژە ئینسانییەکانی ئیسرائیل لە غەززە، گوشارە دەرەکییەکانی بۆسەر ڕژیم تا ڕادەیەک کەمتر کردووەتەوە. ئەم بابەتە دەستی ڕژیم بۆ سەرکوتی هەرچی زیاتر لە ناوخۆدا ئاواڵاتر دەکات. لەم نێوەندەدا ئەو ئێرانیانەی کە خۆیان بە موعجیزە هەڵبژاردە و ڕیاکارانەکانی «مافی مرۆڤ»ی وڵاتە پاوانخوازەکانەوە هەڵواسیوە و هیوادارن ئەو وڵاتانەی کە چاویان لە حاند تاوانەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل داخستووە، پارێزەر و بەرگریکاری مافەکانی خەڵکی ئێران بن، دەبێ بڕۆن شەرم بکەن. خەڵکی ئێران شۆڕشی شکۆداری خۆیان بەوپەڕی هێز و توانا و پشتبەستن بە سەربەخۆیی خۆیان و بە هاوپشتیی نێونەتەوەیی هێزە چەپ، کۆمۆنیست، سۆسیالیست، ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکان، بەرەوپێش دەبەن و ئیزنی دەستێوەردان بە هیچ هێزێکی دەرەکی لە پێشهات و ڕووداوە ناوخۆییەکانی ئێراندا، نادەن

**پێنجەم-** حکوومەتی ئیسلامی یەک دەستکراو، لەو هێزانە پێکدێت کە دامەزراوە ئابوورییە زەبەلاحەکانیان لەدەستدایە و ئۆرگانە نیزامی و ئەمنییەتی و هێزە ئاتەش بەئیختیارەکانیش بە ئارەزووی خۆیان ئاراستە دەکەن و هەروەها لە ڕووی ئیدیۆلۆژییەوە هێز گەلێکی کۆنەپەرست و دواکەوتوو و سەدەی ناوەڕاستن. ئەم هێزانە وەک ئاژەڵی دڕندەخوو بەرەوڕووی نارەزایەتی و خۆڕاگریی مەدەنییانەی زۆرینەی ڕەهای خەڵک دەبنەوە؛ ئەهریمەنێکی چەند سەری کە لە دوای «بزووتنەوەی بایکۆتی هەڵبژاردن» ترسی لێ نیشتووە و هەوڵدەدات بزووتنەوەی نافەرمانی مەدەنی ناچار بە پاشەکشە بکات. لەمڕووەوە ئێستا پێمان ناوەتە ناو قۆناغێکی گەلێک مەترسیدارترەوە. دەزگای سەرکوت بە شێوەیەکی زۆر وەحشیانەتر دێتە مەیدان. جینایەتەکانی ئەرتەش و هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل مۆدێلێکی نوێی خستووەتە بەردەستی و پێوەرە دووفاقی و ڕیاکارانەکانی «مافی مرۆڤ»ی زلهێزە ئیمپریالیستەکانیش چیتر کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر نابێت. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە شۆڕشی جەماوەریی بۆ تێکشکاندنی ئەم ئەهریمەنە وەحشییە، پێویستە چ تاکتیک گەلێک بەکار بێنێت؟ بۆ لەکارخستنی ئەم ماشێنە بێبەزەییەی شەڕ و ئەم هێزە فاشیستە سەرلێشێواوە، پێویستە تەنیا پشت بە هێزی هەرچی بەرینتری جەماوەر ببەسترێت. بەربڵاوتر کردنی بازنەی نارەزایەتییە مەدەنی و داواکاری تەوەرەکان، جەختکردنەوە لەسەر نافەرمانی مەدەنی لە هەموو بوارەکاندا، هەوڵدان بۆ هەماهەنگی و لێک گرێدانی بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوە داواکاری تەوەرەکان و هەروەها هاو ئاراستەکردنی خەبات لەپێناو ناو وئازادی دا، دەتوانێت کەلێن و دووبەرەکی بخاتە ناو هێزە سەرکوتگەرەکان،

درێژە لە لاپەرەی٥

درێژە ی لاپە ڕە ی ۴

قەیرانی ناوخۆی بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات قووڵتر بکاتەوە و بەم شێوەیە یارمەتی بکات بە پرۆسەی ڕووخانی ئەم دەسەڵاتە ناوادەیە. تەنیا بەمشێوەیە و لەم پرۆسەیەدایە کە دەتوانرێت ناوەند و ئۆرگان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان ڕێکبخرێن و لە ئەگەری دارمانی پایەکانی دەسەڵاتی ڕژیمدا، بەر بە هەرچەشنە ئاڵۆزی و ڕووداوێکی نەخوازراو و کۆنترۆڵ نەکراو بگیرێت. تەنیا بەمشێوەیە دەتوانرێت بەر بە دەستێوەردانی تێکدەرانەی هێزە هەژموونیخوازەکانی ناوچەکە و جیهان بگیرێت

شەشەم- ڕووبەڕووبوونەوەی ئێستای بزووتنەوەی بەربڵاو و مەدەنیی جەماوەر لەگەڵ فاشیزمی ئایینیی کۆنەپەرست، تایبەتمەندییەکی بەشێنەیی و درێژخایەنی بەخۆیەوە گرتووە. درێژەکێشانی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە بووەتە هۆی ئەوەی کە لە لایەکەوە ئەو هێزە پڕ ئیدیعا و بێ بنەمایانەی کە بە یارمەتی میدیا بەهێزە جیهانییەکان خۆیان دەناساند، وردە وردە دەکەونە پەراوێزەوە و لاوازیی سیاسییان زیاتر ئاشکرا دەبێت. ڕسوایی سەڵتەنەتخوازەکان و بەتایبەت دوای ناوزڕاندنی ئەشکەنجەگەرێکی وەک پەرویز سابتی، یەکێکە لە نموونە هەرە بەرچاوەکانی ئەم ڕەوتە. لە لایەکی ترەوە، هێزەکانی ناوجەرگەی کۆمەڵگا کە ویست و داواکاری ڕوونیان هەیە، وردە وردە خۆیان دەبیننەوە، یەکدەگرن، خۆیان ڕێکدەخەن و داواکارییەکانیان گەڵاڵە دەکەن. خەبات و نارەزایەتییەکانی جەماوەر لە ساڵی ڕابردوودا دەریخست کە داواکارییەکانی خەڵک، کۆمەڵێک داواکارین کە هەندێک لە هێزە سیاسییەکان بەتایبەتی ئۆپۆزسیۆنی ڕاست ناتوانن وەڵامیان پێ بدەنەوە. جەختکردنەوە لەسەر ئازادیی بێ شەرت و مەرجی ڕادەربڕین، مافی خۆڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆ، ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی تاکە کەسی مرۆڤەکان، خەبات لەپێناو مافی یەکسانی ژنان و پیاوان لە هەموو بوارەکاندا، خەبات لەدژی سەرجەم جۆر و شێوازەکانی هەڵاواردن لە کۆمەڵگەدا، زۆرێک لە هێزە ڕاستەکانی تووشی ترس و سەرلێشێواوی کردووە. داکۆکیکارانی پیاوسالاری بە هەموو جۆراوجۆرەکانییەوە، لە هێز و بوێری و چاونەترسی بزووتنەوەی ژنانی ئێران سەرسام بوون و ترسیان لێ نیشتووە. بزووتنەوەی داواکاری تەوەری کرێکاران و بێبەشان، هێندە بەربڵاو و ڕوونە کە زۆرێک لە هێزە داکۆکیکارەکانی سیستەمی سەرمایەداری بێ توانان لە جێبەجێی کردنی. تەنانەت ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە و گشتگیریش بۆ زۆرێک لەو هێزانە نابێتە دروشمێکی کردەیی و بە بیانووی جۆراوجۆر پشتگوێ دەخرێن. جەختکردنەوە لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران و کارکردن بۆ پێکهێنانی یەکێتی دڵخوازانەیان، بۆ زۆرێک لە هێزە ڕاست و ناسیۆنالیست و شێوە فاشیستەکان بووەتە هێڵێکی سوور. واقیعییەت ئەوەیە کە پێگەی کۆمەڵایەتی چەپ لەم بەرەوڕووبوونەوە بەشێنەیی و درێژخایەنەدا بەهێزتر بووە و کاریگەری خۆی لەسەر پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات دادەنێت. لەم نێوەندەدا، تەنیا ئەو هێزە چەپانەی کە باوەڕی قووڵیان بە ڕۆڵی چارەنووسسازی چینی کرێکار و زەحمەتکێش، هەژاران، ژنان و پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگا هەیە و داواکارییەکانیان گەڵاڵە دەکەن، دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاو لە پێشهاتە چارەنووسسازەکاندا بگێڕن. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە هێزەکانی لایەنگر و بەرگریکاری ئازادییە فرە ڕەهەندەکان، دێموکراسی بەردەوام و هەمەلایەنە و سۆسیالیزمی مارکسی، بەرنامە و ستراتێژی خۆیان بۆ هەلومەرجی سەردەمی دارمانی ئەم ئەهریمەنە بخەنەڕوو و خۆیان بۆ دوارۆژی تێکشکانی ئەم ئەهریمەنە ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن وەک هێزێکی کاریگەر و شوێن دانەر بێنە مەیدان. بەبێ بوونی هێز گەلێکی لەو شێوەیە کە بەرژەوەندی قووڵایی کۆمەڵگا نوێنەرایەتی دەکەن، هێزە ڕێکخراو و بەرگریکارەکانی نەزمی سەرمایەداری، لە پێشهاتەکاندا دەستی باڵایان دەبێت و بە بیانووی بنیاتنانەوەی کاولکارییە ئابوورییەکانی فاشیزمی ئایینی، هێرشی خەڵک بۆسەر سەرمایە تێکدەشکێنن و پەنا دەبەنە بەر شێوازە ئاساییەکانی سەرکوت و کۆنترۆڵکردن بەمەبەستی ناردنەوەی خەڵک بۆ ماڵەوە. نابێت ئەم دەرفەتە مێژووییە بۆ پێکهێنانی ئاڵترناتیڤێکی ئازادیخوازانە، دێموکراتیک و وەفادار بە دەسەڵاتی زۆرینەی ڕەهای خەڵک لە کیس بچێت. لە هەر کوێیەک هەن، لە کارگە، لە قوتابخانە،



زانکۆ، گەڕەک، شارەکان و گوندەکان، بەهەر ژمارەیەک کە ئیمکانی هەیە، بەو ڕێکخراوانەی ئێستاوە پەیوەست بن یان ڕێکخراوە گەلێکی پێشڕەوی خۆتان لە بوارەکانی کرێکاریی، فەرهەنگی، وەرزشی، ژنان، قوتابیان خوێندکاران، پەلکەزێڕینەکان، ڕۆشنبیران، ژینگە پارێزان، مامۆستایان، شۆفێران، پەرستاران، پارێزەران، خانەنشینان، ماڵ خوراوەکان و بێکاران، پێک بهێنن و لەپێناو کردنیان بە ڕێکخراوێکی بەرینی کۆمەڵایەتی و گرێدانی بە ڕێکخراوەکانی دیکەوە، خەبات و تێکۆشان بکەن. بەو هیوایەی کە ساڵی داهاتوو ساڵی گۆڕانکاری و تێپەڕبوونی شۆڕشگێڕانە لە حکوومەتی ئیسلامی ئێران و گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان بێت پیرۆزبایی هاتنی بەهار و نەورۆزی دێرین لە هە ـو ئەو کەسانە دەکەین کە لە ئێران و ناوچەکە و جیهان ئەم جەژنە مەزنە ڕێز لێ دەگرن. بەو هیوایەی کە وەرزی بەهار و کۆتاییهاتن بە تەمەنی سەرما و سەخڵەتی و زستان، ببێت بە بەهاری ئازادی و دێموکراسی و ژیانێکی شایستە بۆ خەڵکی شەریف و تێکۆشەری ئێران. خەبات و تێکۆشانی بوێرانە بە پێشەنگایەتی ژنانی دلێر و بە پشتیوانی سەرجەم کرێکاران و مووچەخۆران و زۆربەی هەرەزۆری چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران لە ساڵی ڕابردوودا، مژدەی ئەوەمان پێدەبەخشێت کە لە ساڵی نوێدا، ئەم خەبات و تێکۆشانە بەرفراوانتر، ڕێکخراوتر، یەکگرتووتر و خاوەن پلان و بەرنامەی ڕوونتر دەبن. بەو هیوایەی کە ئەو خەبات و تێکۆشانە ماندوویی نەناسانە، هەنگاوێکی گرنگ و گەورە بێت لەپێناو کۆتایی هێنان بە زستانی سەخڵەت و تاقەت پروکێنی دەسەڵاتی فاشیزمی مەزهەبی و بهاری شکۆداری ژیان بۆ دانیشتوانی ئەم سەرزەوییە بەدیاری بهێنێ، بۆ ئەوەی سەرتایەک بێت بۆ لێک نزیک بوونەوەی هەرچی زیاتر و ئینسانی تر لەم ناوچە ئازار چەشتووەی ئێمەدا

**نەورۆز و ساڵی نوێتان پیرۆز بێت!**
**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کاریگەر)**
**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**
**سەرکەوتوو بێت شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**
**بژی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیزم**
**شەممە ڕێکەوتی ۲۶ی ڕەشەممەی ۱۴۰۲**
**۶ای مارسی ۲۰۲۴**

****

پێشــــڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
:Add
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست یاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

# نیشاندانی هاوەدەنگی و یەکگرتوویی جەماوەریی لە ڕێوڕسمەکانی نەوروز و چوارشەممە سووریدا



لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەندین ویدیۆی بەڕێوەچوونی ئاهەنگەکانی نەورۆز لە چەند ناوچەیەکی کوردستان لە تەلەویزیۆنی کۆمەڵە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراونەتەوە. ڕاپۆرتەکان لە ناوچەکانی باشووری کوردستانەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەمساڵ خەڵک بەهۆی هاوکات بوونی نەورۆز لەگەڵ مانگی ڕەمەزان، لە ئاستێکی بەرینتردا بە پێشوازی نەورۆز و ساڵی نوێوە چوون. لەم ڕێوڕەسمانەدا وەک هەموو ساڵێک شێعر و سروود و گۆرانی شۆڕشگێڕانە و شادیبخش پێشکەش کراوە. پێشبینی دەکرێت کە خەڵکی کوردستان بە هەمان جۆش و خرۆشەوە ڕێوڕەسمی چوارشەممە سووری واتە کۆتا شەوی چوارشەممەی ساڵیش بەڕێوە ببەن. نەورۆز یەکێکە لەو بۆنانەی کە لە کوردستان کەشێکی جیاوازی هەیە. لە ماوەی ئەو ٤٥ ساڵەی کە بەسەر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا تێپەڕ دەبێت، نەورۆز لە کوردستان بەردەوام بۆنەیەک بووە کە خەڵک وێڕای گرتنی جەژن و دەربڕینی شادی و خۆشی، لە هەمان کاتدا پێکەوەبوون و یەکدەنگی خۆیان ئەزموون دەکەن و پەیامی خۆیان بە زمانی شێعر و سروود و گۆرانی و هەڵپەڕکێ، بە پێچەوانەی فەرهەنگی باو لە کۆماری ئیسلامیدا، بە گوێی هەموان دەگەیەنن. بەرپرسانی ڕژیم چوارشەممە سووری و نەورۆز بە نەریتێکی پێچەوانەی ئایینی ئیسلام دەزانن. لەمڕووەوە لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا هەوڵی زۆریان داوە کە ئەم نەریتە بە زەبر و زەنگ و سەرکوت و پڕوپاگەندە، لە کۆمەڵگای ئێران بسڕنەوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دژایەتیکردن و وەستانەوە لەئاست فەرهەنگێکی ئاوا جێکەوتوو لە کۆمەڵگای ئێراندا کارێکی ئاسان نەبوو، بەرپرسانی ڕژیم بەرە بەرە لە بەرامبەر خۆڕاگریی جەماوەردا لە هەڵوێستی خۆیان لەم بوارەدا پاشەکشەیان کرد و هەوڵیان دا لانیکەم بتوانن هەندێک سنووورداری بکەن. بەڵام لەگەڵ هەر پاشەکشەیەکی ڕژیمدا، خەڵک چەندین هەنگاو بەرەو پێشەوە چوون. دژایەتی کردن لەگەڵ ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بەم ڕۆژانە، بوو بە پاڵنەر و هەوێنی خۆڕاگریی لە نێو خەڵکدا و بە کردەوە ئەم ڕێوڕەسمانەی لە کوردستان کرد بە ئەکتێکی سیاسی هەموو ساڵێک لەگەڵ نزیکبوونەوەی سەری ساڵ و خۆ ئامادەکردنی جەماوەر و لاوان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕسمەکانی نەورۆز، بەرپرسانی ئینتیزامی، ئەمنییەتی و جێبەجێکردن و دام و دەزگای پڕوپاگەندەی ڕژیم دەکەونەخۆ بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن هیچ جەشنە کۆڕ و کۆبوونەوەیەک بەم بۆنەیەوە پێکبێت و نەهێڵن لەم ڕۆژانەدا شادی و پێکەنین بچێتە ناو هیچ کۆڕ و کۆمەڵێکەوە. ئەوان کە لە سێبەری خۆیشیان دەترسن، نیگەرانن لەوەی کە ڕێوڕەسم و کۆبوونەوەکانی خەڵک ببێتە ئامرازێکیناڕەزایەتی لە دژی ڕژیم. ڕژیمی ئیسلامی بەردەوام لە جێژن و شادی خەڵک دەترسێت. ئەم ڕژیمە نەک هەر لە نەورۆزدا، بەڵکوو بە درێژایی ساڵ نایهەوێ بزەی شادی و خۆشی بکەوێتە سەرلێوی خەڵک، خەمۆکی و نائومێدی و بێهیوایی خەڵک، هۆکار دەبێت بۆ درێژەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی. ئەم ڕژیمە کۆمەڵگایەکی ملکەچ و گوێڕایەڵی دەوێت کە تێیدا مرۆڤەکان لە ئاست ئەو چارەنووسەی کە ڕژیم بۆی دیاریکردوون، سەر دابنەوێنن. ڕێوڕسمەکانی هاوسەرگیری بە بیانووی ئەوەی کە تێیاندا حیجابی ئسلامی ڕەچاو ناکرێت و مەودای نێوان ژن و پیاو لەبەرچاو ناگیرێت، تێکدەدات. ڕێگری دەکات لە بەڕێوەچوونی کۆنسێرت و مۆسیقا. ئەو گەنج و لاوانەی کە لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا لەدەوری یەکتر کۆدەبنەوە و ساتێکی خۆش بەیەکەوە بەسەر دەبەن، دەداتە بەر ئەزیەت و ئازار و سوکایەتیان پێدەکات. لە ڕاستیدا ئەگەر دونیا بە ویستی ڕژیمی ئیسلامی ئێران بوایە، ئەم کۆمەڵگایە دەبوو بە درێژایی ساڵ و هەموو ڕۆژێک بە بیانووی جۆراوجۆر ڕەشپوش و ماتەمبار بێت. بەڵام زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە لە ئاست ڕژیمی ئیسلامیدا سەریان دانەنەواندووە. هەروەک دەبینین، سەرەڕای هەڕەشە و تەنانەت گرتن و زیندانی کردنیش لەم پێوەندییەدا، خەڵک لە سەرتاسەری ئێران هیچ گرنگییەک بەو دژایەتیانە نادەن. مۆسیقا و هونەر و گۆرانی و سەما و شادی لە حەشارگەکان هاتوونەتە دەرەوە. مەراسمەکانی چوارشەممە سووری و نەورۆز لە زومرەی ئەوانەن. لە بەرامبەر فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی زاڵدا، خۆڕاگریی پێشکەوتنخوازانە سەریهەڵداوە ئەزموونەکان دەریانخستووە کە ئەگەرچی ڕێوشوێنە سەرکوتگەرییەکانی ڕژیم لەم بوارەدا هەندێک کۆت و بەند و ئاستەنگ بۆ ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە کوردستان پێک دەهێنێت، بەڵام ناتوانێت ڕێگری بکات لە بەڕێوەچوونیان و خەڵک لەم بابەتەوە ئەزموونێکی زۆریان بەدەستهێناوە و بە شێوازی جۆراوجۆر لە کات و شوێنی گونجاودا، ئەم جۆرە کردەوانەی ڕژیم تێدەپەڕێنن. کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر شادی و خۆشحاڵی خەڵکدا سەری لەبەرد دراوە و هەوڵەکانی لەم بوارەدا بێ ئاکام بوون و لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بوونەتەوە. ئەم شادی و خۆشەویستییە بۆ ژیان، هەمان ئەو هێزەیە کە دەسەڵات تووشی ترس و سەرلێشێواوی دەکات. لە نەورۆزی ئەمساڵدا خەڵک سەرەڕای خەم و پەژارەی لەدەستدانی ئازیزانیان، بەکوێرایی چاوی دوژمن، کچان و کوڕان بە لەبەرکردنی جلوبەرگی ئاڵ و واڵا و شادیبەخش، بەڕێوەبردنی نمایشی هونەری و سەما و گۆرانی ناوچەیی و کردنەوەی ئاگری نەورۆز، ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن. جەژن و ڕێوڕسمەکانی چوارشەممە سووری و نەورۆزی ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو، بەربەست و دژایەتییەکانی ڕژیم تێدەپەڕێنن و دەبێتە یەکێکی تر لە دیمەنە شکۆدارەکانی خۆڕاگریی جەماوەر و دیمەنێکی دیکە لە شۆڕشی ڕزگاریبەخشی **ژن، ژیان، ئازادی.**

****

## لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا
@Komalamedia
@Komala

## ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
Tvkomala.com

## ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام
Payaam.net

## ماڵپەڕە حیزبیەکان
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com

# بۆ پێشوازی لە بەهار و ساڵی نوێ

**ئامادە کردنی" سەعید ئەمانی"**

« بەهار»
بەهار عەتری نزیك بوونەوەی
بە بەرۆکی
گوڵەباخی باخچەکەمدا پژاندوو
نووکی پەنجەی ئەرخەیانی
تەزووی ترسی
خونچەکانی تاراندوە.
لەناخەوە:
بەفرمێسکی ڕنووی بەفر و
نێوچاوانی گرژی زستان
پێدەکەنێ.

**« سەعید ئەمانی»**

******

چەپکێک گوڵاڵە سورەی گەش، لەگەڵ شنەی پڕ لە عەتری بەرەبەیانی بەهاران، ئاوێتە بە بزەی خەمڕەوێنی منالە دڵ بەهاریەکانتان پێشکەش دەکەین، و نەورۆزی ساڵی نوێتان پیرۆزبایی پێ دەڵێین! هەر بەهارێک تۆوی هەزاران بەهاری ئارەزوو لە دڵاندا دەچێنێت، ئارەزووی ئەوەی کە هەوری ڕەشی کۆسپ و ئاستەنگەکانی ژیانی پڕ لە هەژاری و بەش مەینەتی لە ئاسمانی ڕوونی ژیانمان ڕابماڵین، خۆزگەی ئەوەی کە شادمانی وەک پەپولەی بەهاریی لەسەر گوڵی گۆنای هەموو ساواکانمان بنیشێت و تریقەی قاقا و پێکەنین دڵمان فێنک بکاتەوە. ئارەزووی ئەوەی کە دنیایەکی نوێ بنیاد بنێین، کە تانوپۆکەی، ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکانی تێدا تێکتەنرابێ و ستەم و نابەرابەری و چەوساندنەوەی تێدا دیار نەبێ. خۆزگەی ئەوەی کە ژینمان بەردەوام کەیلی بەهار بێت. ئەگەر سروشت هەموو ساڵێک بەهار دێنێ، گەرمایی ژیان وەبەر گیانی زەوی دەنێ، زەوی و دارو گەڵا سەوز دەکات و گوڵ دەپشکوێ، ئێمەش بەش مەینەتان گەر بتوانین بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆمان، بە یەکگرتویی و بە خەباتی بێ وچانمان بۆ ڕزگار بوون لە کۆت و بەندی چەوساندنەوە، دنیایەکی ئازاد و یەکسان بنیاد بنێین، دەبینە خاوەنی ژیانێکی پڕ لە حەسانەوە، دوور لە چەوسانەوە، دنیای بەهاری ڕزگاری ژیان لە چنگ زەخت و زۆرداری ستەمکاران، ڕزگار بوونی ئاو، ڕزگار بوونی نان، ڕزگار بوونی کار لە داوی زێدەخوازان و کەسانی مشەخۆر و چاوچنۆک. بەهاری ئازادیی مرۆڤەکان لە کۆت و بەندی کۆیلایەتی. نەورۆز جەژنێکی سروشتییە، کۆتایی وەرزی زستان و سەرەتای وەرزی بەهار و بوژانەوەی سروشتە، هەربۆیە بەپێی ئەم گۆڕانکارییە سروشتییە و بەهۆی کۆتایی هاتنی وەرزی سەرما و سۆڵە و دەستپێکردنی وەرزی بەهارەوە زۆرێک لە گەلان ئەم بۆنە سروشتییەیان کردووەتە جەژن. جێژنێک کە بە بۆنەی دەرچوون لە سەخڵەتی و گەیشتن بە فەرعانە و کرانەوە بەڕێوەی دەبەن. کرانەوە و فەرعانەیەک کە تێیدا تین و تەوژمی ژیان ئاژین دەبێتە گیانی سەرجەم گیانلەبەرانی شروشت و دەیان بووژێنێتەوە و خۆری ئازادی و ڕزگار بوون لە بەندی سەرما و سۆڵەی زستانی تێدا هەڵدێت

**< نەورۆز>**

ڕۆژ لە ئاسۆی سوور شەوق
ئەداتەوە
ئەڵێ ئەمساڵیش نەورۆز هاتەوە
سروشت سەرپاکی جوانی
ئەنوێنێ
وەک بووکی ڕازاو خۆی
ئەخەملێنێ
دەشت و کوێستان و لوتکەی
بەرزی کێو
بزەی بەهاریان کەوتۆتە سەر لێو
بەفری تواوەی سەر شاخی
تەمبار
ئەبێ بە فرمێسک چۆڕ چۆڕ
دێتە خوار
هاژەی شەتاوی بن کوێستانی
بەرز
گابەرد ئەتلێنی، کەژ دێنێتە
لەرز
کیژی دارستان لە شایی چەما
بە مۆسیقای ئاو دێنەوە سەما
باخ و ڕەزی شاخ یان مێرگ و
چیمەن
خشڵی ڕازاوەی بژوێنی دیمەن
سەوزایی دەشت و زنجیرەی
کوێستان
تاریف ناکرێ جوانی کوردستان
کەوی دڵداری ئازادی و جوانی
دەروونی کەیلی سۆزی
گۆرانی
بەری حەسرەتی دڵ ئەکاتەوە
بانگی پەڕاوپەڕ دەنگ ئەداتەو
لە سەر قەندیل و شاهۆ و
نەکەرۆز
ئەڵێ گەلی کورد نەورۆزتان
پیرۆز.

**«ڕەحیم لوقمانی»**

******

ئەوەیکە چ گەلێک یەکەمجار ئەم گۆڕانکارییە سروشتییەی کردووەتە جەژن بابەتی ئەم بەرنامەیە نییە، هەرچەندە بەشێک لە لێکۆڵینەوەکان باس لەوە دەکەن کە یەکەمجاری دەگەڕێتەوە بۆ سۆمەرەکان کە دانیشتووی کوردستان و عێراقی ئێستا بوون، و دەڵێن کوردیش ئەم جەژنەی لەوانەوە وەرگرتووە، بەڵام بەو جیاوازییەوە کە کورد واتایەکی دیکەی بەو جەژنە بەخشیوە، واتە بۆ کورد نەورۆز و جەژنی بەهار تەنیا جەژنێکی سروشتی نەبووە، بەڵکوو بەپێی ئەفسانەکان هەر لە کۆنەوە واتایەکی سیاسیشی بەو جەژنە داوە. لە کۆندا ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر و زوحاک هەبووە کە بەپێی ئەفسانەکە زوحاک دەسەڵاتدارێکی خوێنمژ بووە و خەڵکی کورد بە سەرکردایەتی کاوە لە دژی ڕاپەڕیون و لە ڕۆژی نەورۆزدا کۆتاییان بە دەسەڵاتی زوحاک هێناوە لە سەردەمی نوێشدا لەناو شێعر و ئەدەب و سیاسەتی کوردیدا بایەخێکی زۆر بە نەورۆز دراوە، نەورۆز بووەتە بەشێکی گرنگ لە شوناسی دانیشتوانی کوردستان و ئەم بۆنەیە بەکارهێنراوە بۆ دژایەتی کردنی داگیرکاری وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، بۆ دژایەتی کردنی دزێویەکانی ژیان بە شێوەیەکی زەریف و بە هێما و ئاماژەی تایبەت و بۆ وسفی جوانیەکانی وەرزی بەهاری ژیان و سروشت بەشێک لە شێعری: کچی بەیان

**ن: سوارە ئیلخانی زادە**

من ئەڵێم:
پەپوولەیەک فڕی بە باڵی
سەوز و سوورەوە
من ئەڵێم:
گوڵێ بە دەم شنەی شەماڵەوە
بزەی بزووت
تۆ ئەڵێی:
چ بوو پەپوولەیەک فڕی
یانە سوورەگوڵ، زەردە کەوتە
لێوی ناسکی
من ئەڵێم:
هەتا هەتایە دەوری جوانییە
ئەمڕۆ گەر هەتاو کەسیرەیە
نەماوە ئاگر و گڕی
مێرگی ئاسمان بە سووتمانی
هەوری لۆکەیی نەزۆک
پڕ لە خاڵ و قۆپەنە
جەنگەڵێ کە جێ ژوانی پۆلە
پۆڕی بارییە
جێگە مۆڵی کەمتیار و
گورگ و ڕێوییە
شۆڕەبی کە بۆتەداری چاکی
بێ نەشە و شنە
زەلکە گەر تەیاری تێر و
قۆشەنە
خۆشەویستەکەم!
لە پەنجەرەی نیوەتاکی
بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی
بەیانییە
لە حەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی
وردەکانی خیزەکانی کانییە.
...

جیا لە کورد چەندین گەلی دیکەی ناوچەکەش جەژنی نەورۆز بەڕێوەدەبەن، لە ئەفغانستان و تاجیکستان، ئۆزبەکستان، ئێران و ئازەربایجان و هەندێک ناوچەی هیندستان ئەم بۆنەیە بەڕێوەدەچێت، بەڵام لەناو کورددا ئەم بۆنەیە گەرموگوڕتر بەڕێوەدەبرێت و واتایەکی سیاسیی و نەتەوەیی پێدراوە و کورد خۆی بە خاوەنی ڕەسەنی ئەم جەژنە دەزانێت و هەندێک لە لێکۆڵینەوەکانیش ئەم خاوەندارێتییەی نەورۆز بۆ کوردەکان پشتڕاست دەکەنەوە. لە زۆربەی هەرەزۆری ئەدەب و فەلسەفە جیاجیاکانی جیهاندا وەرزی بەهار زیاتر وەکوو وەرزێکی سروشتی باس لێکراوە و نووسەران و شاعیرانی گەلانی جیهان جاروبار زیاتر لە دیدێکی ناتورالیستی سەرنجی وەرزی بەهاریان داوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەریگەرییەی کە بەهار لەسەر مرۆڤەکان دایدەنێت و هەست و دەروونی ئەوان بە شێوەی جۆربەجۆر دەبزوێنێت ڕاستە هەر وەرزێک لە ڕوانگەی جوانی ناسییەوە هەڵگری جوانی و شەنگی تایبەت بە خۆیەتی. ئەگەر وەرزی خەزان بۆتە هێما و نمادی خەم و پەژارە بە هۆی ئەو تایبەتمندییەی کە هەیەتی، وەکوو زەلان و سەرما و هەڵوەرین وکۆچ کردنی باڵندەکان و هتد، بەڵام بەم حاڵەشەوە شاعیران بە نیسبەت جوانییەکانی ئەم وەرزە چاویان نەنوقاندووە و هۆنراوەی جوان و بە پێزیان داناوە، بۆ نموونە مامۆستا گۆران لە شێعرێکدا سەرەتا پاییز بە «بووکی قژ زەرد» دەشوبهێنێت، بەڵام بە چاوانی پڕ گریان و هاوارێک لە بێدادی باسی پاییز دەکات، واتە نەفسی پاییز و تایبەتمەندییەکانی لەوە زیاتر مەجالی پێ نادا. تەنانەت ئەگەر «ئەخەوان سالس»ی شاعیری فارس دەبێژێت: کێ دەڵێ باخی بێ گەڵا جوان نییە، باخی بێ بەرگ، پێکەنینی ئەسرینێکە خوێناوی ولە درێژە ئەم شێعرەدا «پاییز» بە پاشای وەرزەکان ناو دەبات. بەڵام دیسانەکە گۆشەنیگای هەر ڕوو لە وەرزی بەهارە کاتێک دەڵێت: باخی بێ هیواکان، چاو لە ڕێی هیچ «بەهار»ێک نییە. ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە ڕەنگدانەوەی هەموو وەرزەکان بە جۆرێک گرێدراوە بە بەهارەوە. ئەوەش ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبی کۆن و جاروبار پشت بە ئەفسانەکانیش دەبەستێ. هەر لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا بە شێوە و ڕوانگەی جۆربەجۆرەوە بەهار بۆتە هەوێنی شێعر و قسەی نەستەق و مەتەڵەکان. بەهار لە ڕوانگە و مانیفستی شاعیرانی ئەدەبی بەرگرییدا کە بەشێکی زۆری ئەدەبی نوێی کوردی بە هۆی هەلومەرجی مێژوویی و سیاسییەوە گرتووتەبەر، هێمای سەرکەوتن و نمادی شۆڕشێکی بەربڵاوی گوڵ و دار و باڵندە و ئاوە دژ بە سەرما و سایەقە و بەستەڵەک. هەر بۆیە مامۆستا هەژار لە سروودێکی بەهاری دا دەڵێ

مزگێنی دا بە سروە بای
بەهاری
وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری
بە تیشکە تێک شکا سپای
کرێوە
هەواری ڕۆژ گەییشتە
خاکەلێوە
فەرمان درا بە سەوزە سەر
هەڵێنێ
چیدی لە بەندی خاکی ڕەش
نەمێنی
با دەرکەون گوڵ و کەسەر
بنێژن
با ڕۆژی ڕزگاری بکەن بە
جێژن.

هەر بە لێکدانەوەیەکی سادە لەم چەند بەیت شێعری مامۆستا هەژار کە سەیرکردن و هۆنینەوەیەکی سیمبۆلیکە لە بەهار و تایبەتمەندییەکانی، ئەویش لە ڕوانگەی شاعیرانی دەروەست و شۆڕشگێڕەوە کە ویستویانە لە بەهار و جوانییەکانی ڕەمزێکی دیکە بخوڵقێنن کە هەم وێژە و هەست و شێعری خۆیانی پێ برازێننەوە، هەمیش هەوڵ بدەن کە داوی دیلی و بەندی کۆیلەیی گەلەکەیان لە دەستی داگیرکەران و لە زستانی نەهامەتی بپسێنن. لە گۆران و هێمن و هەژار و کەسانی دیکەوە بگرە هەتا شاعیرانی ئەمڕۆیی بەهار زیاتر و سەرتر لە وەرزێک بۆتە ئیماژ و سووژەی شێعری و بە تایبەتی لە ژانەری بەرگریدا، لە مێژە بەهار بۆتە ڕەمز و ڕیشەی ئازادی و بەهاتنی هەستێکی خۆش و پڕهیوا بەکۆمەڵگە بە گشتی و بەتایبەتی کۆمەڵگەی ئەدیبان و نووسەران دەبەخشێت.

بەهارە، جێژنە، ڕۆژی پێکەنینە
بەهار گۆوەندی ئاسمان و
زەمینە
ئەوا جێژنی سەری ساڵ و
سروشتە
زەماوەندی گوڵانە، هەڵپەڕینە
وەرە ئەی دڵبەرم خۆت دامەشار
کە ئەمڕۆ ڕۆژی دڵداری و
ئەوینە.

**موحەممەد ساڵح سووزەنی**

****

# ڕاپۆرتی «کۆمیتەی نێونەتەوەیی بەدواداچوونی ڕاستییەکان» و ڕسوایی جیهانیی ڕژیمی ئیسلامی



شۆڕای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی ٢٢ی نوامبری ٢٠٢٢ بەرامبەر بە ٣ی سەرماوەزی ١٤٠١، سەبارەت بە ڕووداوەکانی شۆڕشی «ژینا» «کۆمیتەیەکی سەربەخۆی نێونەتەوەیی بەدواداچوونیڕاستییەکان»،ی بە ئەندامێتی سێ دادوەر پێکهێنا. ئەو شۆڕایە کۆمەڵێک ئەرکی بۆ کۆمیتەکە دیاریکرد کە هەندێکیان بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە

ئەلف- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە و سەربەخۆ سەبارەت بە حاڵەتە ڕاپۆرتکراوەکانی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو نارەزایەتیانەی کە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠١ دەستی پێکردووە، بە تایبەت سەبارەت بە ژنان و منداڵان

ب- کۆکردنەوە و هەماهەنگ و شیکردنەوەی بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ و هەڵگرتن و پاراستنی ئەم بەڵگە و دیکۆمێنتانە

د- کارلێککردن لەگەڵ کەس و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان، لەوانە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، نووسینگەی کۆمیسارییای باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەواڵنێری تایبەتی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی ئێران، ناوەندەکانی پەیوەندیدار بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی

جگە لەوە، شۆڕای مافەکانی مرۆڤ داوای لە کۆمیتەی بەدواداچوونیڕاستییەکانکردووە کە ڕاپۆرتێکی گشتگیر سەبارەت بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی، پێشکەش بە شۆڕا بکات. لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە پێسپێردراوە دا، کۆمیتەی ڕاستی دۆز، بە شێوەیەکی پیشەیی و وێڕای پاراستنی سەربەخۆیی، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی وردی بۆ حاڵەتە ڕاپۆرتکراوەکانی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی ئێران لە پێوەند لەگەڵ ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی، تاوانکاریی لەدژی هەر کەسێک و بە تایبەتی بابەتەکانی پێشێلکاریی لەدژی ژنان و منداڵان، کرد. لە ڕاپۆرتی سەرەتایی کۆمیتەی ڕاستی دۆز کە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن پێشکەش بە شۆڕای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا، جەخت لەوە کراوەتەوە کە ئەوەی کۆماری ئیسلامی کردوویەتی نموونەی «جینایەتی دژ بە مرۆڤایەتییە». لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە کراوە بە تاوانەکانی کوشتن، زیندانیکردن، ئەشکەنجەدان، دەستدرێژی و جۆرەکانی تری توندوتیژی جنسی، ئەزیەت و ئازار و لێپێچینەوە، ڕفاندن و کۆمەڵێک کردەوەی نامرۆڤانەی تر کە وەک بەشێک لە هێرشێکی بەربڵاو و ڕێکخراو لەدژی ژنان و کچان و کەسانی تر بەڕێوە چووە. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە: « کۆمیتەکە لەسەر بنەمای کۆی گشتی هەڵسوکەوتی بەرپرسانی دەوڵەت، لەوانە بەیانییە و لێدوانەکانی بەرپرسان، گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو هەڵسوکەوتە تاوانکاریانە، بە ئاراستەی بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی دەوڵەت بووە». لەم ڕاپۆرتەدا سەبارەت بە ژینای گیانبەختکردوو، هاتووە: «بە پشتبەستن بە بەڵگە و شێوازەکانی توندوتیژیی پۆلیسی ئەمنییەتی ئەخلاقی سەبارەت بە سەپاندنی حیجابی ئیجباری بەسەر ژناندا، کۆمیتەکە دڵنیایە کە ژینا ئەمینی بەهۆی توندوتیژی جەستەییەوە گیانی لەدەستداوە. بەم پێیە دەوڵەت بەرپرسیارە لە ئاست گیان لەدەستدانیدا». لەم ڕاپۆرتەدا وێڕای ئاماژە بە «ئەزییەت و ئازاری قەزایی و هەڕەشەکردن « لە بنەماڵەی خاتوو ئەمینی بە مەبەستی ناچارکردنیان بە بێدەنگ بوون و ڕێگریکردن لە بەدواداچوونی یاسایی، هاتووە: «هەندێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان لەگەڵ دەستگیرکردنی سەرەڕۆیانە بەرەوڕوو بوونەتەوە، لەکاتێکدا کە پارێزەری ئەو بنەماڵەیە، ساڵح نیکبەخت و سێ کەس لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ڕاپۆرتیان لەسەر مەرگی خاتوو ئەمینی بڵاوکردەوە؛ واتە ئیلاهە محەممەدی، نیلوفەر حامدی و نازیلا مەعروفیان دەستبەسەر و لێپێچینەوەیان لەگەڵ کرا و سزای زیندانیان بەسەردا سەپێندرا»

**لە ڕاپۆرتەکەدا سەبارەت بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی» هاتووە:**

«ئەم بزووتنەوەیە بە هۆی ڕێبەریی ژنان و تازە لاوان، بەربڵاوی و بەردەوامبوون و سەرەنجام کاردانەوەی پڕ لە توندوتیژیی حکوومەتەوە، بێوێنە بوو. توندوتیژییەک کە شۆڕای مافەکانی مرۆڤی بەو ئاکامە گەیاند کە ئەم کۆمیتەیە دابمەزرێنێت». ئەو کۆمیتەیە هەروەها ڕایگەیاند کە «لێکۆڵینەوەکانیان سەبارەت بە گیانلەدەستدانی ئارمیتا گراوند، ئەو کچە تەمەن ١٦ ساڵانەی کە بەهۆی ڕەچاو نەکردنی حیجابی ئیجباری، ڕۆژی ٩ی ڕەزبەری ئەمساڵ لە میترۆی تاران بەهۆی دەمەقاڵە و پاڵپێوەنانی لەلایەن مەئموورانی کۆنترۆڵی حیجابەوە لەناو واگۆنی میترۆکەدا بێهۆش کەوت و دوای ماوەیەک لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، هەروا بەردەوامە». بە پێی ئەو ڕاپۆرتە، بەرپرسانی وڵات لە کردەوەگەلێکی هاوشێوەی دۆسیەکەی ژینا ئەمینی، هەوڵیاندا کە هۆکار و هەلومەرج و چۆنییەتی گیان لەدەستدانی ئارمیتا گراوندیش بشارنەوە و ڕووداوەکە لێڵ و گوماناوی بکەن، لەوانە بە دەستگیرکردن و سزادانی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە هەواڵی ئەم ڕووداوەیان بڵاو کردەوە. ئەم کۆمیتەیە هەروەها لە ڕاپۆرتەکەیدا باسی لەو شەپۆلە ژەهراویبوونەش کردووە کە ساڵی ڕابردوو بەسەر خوێندکارانی کچ لە ئێراندا هات کۆمیتەی بەدواداچوونی ڕاستییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها نووسیویەتی کە زیاتر لە سەد ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری دیکە لە ناوخۆی ئێران دەستبەسەر کراون یان لێپێچینەوەی قەزاییان لەگەڵدا کراوە. لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە لە کاتی نارەزایەتییەکاندا ٣١ ڕۆژنامەنووسی ژن دەستبەسەر کراون. لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا، بارودۆخی نەتەوەکان و کەمینە ئاینییەکان «لە بەستێنی نا ڕ ە ز ا یە تییە کا ندا » تاوتوێ کراوە و «فەزای دیجیتاڵی»ش لە سەردەمی نارەزایەتییەکاندا شیکراوەتەوە. ڕاپۆرتی «کۆمیتەی نێونەتەوەیی ڕاستی دۆز سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی» لە هەلومەرجێکدا لە ڕۆژی جیهانی ژن دا بڵاوکراوەتەوە کە ڕژیم لە ژێر زەبری درێژەی شۆڕشی «ژینا»دا» لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێران و قووڵبوونەوەی قەیران و ناکۆکییە ناوخۆییەکانیدا، لە هەموو کاتێک لاوازتر بووە. ئەم ڕژیمە لە بواری نێودەوڵەتیشدا لە هەموو کاتێک زیا ـر ڕسوا بووە. ڕاپۆرتی کۆمیتەی بە د وا دا چو و نیڕ ا ستییە کا ن، کە بابەتەکانی بەڕادەیەکی بەرچاو لە لایەن هێزە شۆ ڕ شگێڕ ە کا نە و ە نووسراو و بڵاو کراوەتەوە، ڕەنگدانەوەیەکە لەو ڕسواییە جیهانی و نەفرەت و بێزارییەی کە بە پانتایی جیهان لە دژی ئەم ڕژیمە لە ئارادایە

****

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٤٥-نیوەی دووەمی ڕەشەمەی ١٤٠٢ -مارچ ٢٠٢٤



## لە وتووێژی فریوکارانەی شۆڕای باڵا سەبارەت بە دیاریکردنی حەقدەست، نانێک بە سفرەی کرێکاران زیاد نابێت

بەپێی یەکێک لە ڕاپۆرتەکان ڕۆژی دووشەممە ٢١ی ڕەشەممە، یەکەمین کۆبوونەوەی فەرمی شۆڕای باڵای کار لەسەر پرسی دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستی ساڵی ١٤٠٣ی کرێکاران، بەڕێوەچوو، بەگوێرەی ئەم ڕاپۆرتە، کۆبوونەوەکە بەبێ هیچ ئاکامێک کۆتایی هاتووە. تا ئێستا هیچ ڕاپۆرتێکی فەرمی لەبارەی ناوەڕۆکی گفتوگۆکانی ئەم کۆبوونەوەیە بڵاونەکراوەتەوە. بەڵام لەو قسانەی بەشدار بووانی کۆبوونەوەکە کە گەیشتووەتە دەستی ڕۆژنامەکان، دەردەکەوێت کە ئەمجارەشیان وەک ساڵانی ڕابردوو، سەبارەت بە دیاریکردنی حەقدەستەکان، هەمان یاری مشک و پشیلەی ناو فیلمە کارتۆنییەکان دووبارە دەبێتەوە. نوێنەرانی خانەی کارگەر کە بەشداری ئەم کۆبوونەوانە بوون دەڵێن، بەو پێیەی تا ئێستا دەوڵەت ئاستی سەبەتەی بژێوی، کە بنەمای گفتوگۆکانە سەبارەت بە دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران، دیاری نەکردووە. کۆبوونەوەکە بە کردەوە نەیدەتوانی هیچ بڕیارێک بدات. ڕۆژنامەی کار و کارگەر هەر لەو پێوەندییەدا لە قەولی یەکێک لە نوێنەرانی خانەی کارگەر لە شۆڕای باڵای دیاریکردنی حەقدەستەکان دەنووسێت: «لە بارودۆخی ئێستادا تەنانەت ئەگەر پایەی حەقدەست بە ڕێژەی ١٠٠٪ زیاد بکرێت و لە پێنج ملیۆن و سێسەد هەزار تەمەنەوە بگاتە دە هەزار و شەش سەد تمەن، هێشتا کێشەی کرێکاران چارەسەر نابێت، هەر بۆیە چاوەڕێین ژمارەی کۆتایی سەبەتەی بژێویی دیاری بکرێت، جا دواتر لەسەر بنەمای نرخەکەی، بچینە ناو دانوستانێکی جدیەوە. ئەم قسانە دووبارەبوونەوەی هەمان یاریی ساڵی ڕابردووە لەم ڕۆژانەدا. نوێنەرانی دیاریکراوی دەوڵەت بۆ کرێکاران، بەم لێدوانانە دەست پێدەکەن و سەرەنجام هەربەو ژمارانە ڕازی دەبن کە لەلایەن دەوڵەت و خاوەنکارانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت سەرەنجام خامنەیی لە پەیامی نەورۆزیی ساڵی ڕابردوودا، ساڵی ١٤٠٢ی وەک ساڵی «کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان و گەشەی بەرهەمهێنان» ناوبرد. ڕۆژنامەی کار و کارگەر لە ژمارەی ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی ڕەشەممە، سەروبەندی ساڵی ١٤٠٣ی هەتاویدا، لێکۆڵینەوەیەکی کردووە لەسەر کارنامەی دەوڵەت سەبارەت بە ڕادەی بە کردەوە دەرهێنانی ئەو دروشمە و دەنووسێت: دەوڵەت هیچ سەرکەوتوو نەبووە لە جێبەجێکردنی ئەو دروشمەی ساڵدا، واتە نە بەرهەمهێنان زیادی کردووە، نە کارگەکانیش پاڵپشتی کراون و نە هەڵاوسانیش کەم بووەتەوە. ئامارە فەرمییەکانی دەوڵەت ئاماژە بە هەڵاوسانی ٤٠٪ دەکەن، لە کاتێکدا ئەم ژمارەیە لە بواری کەلوپەلە سەرەتاییەکان و جلوبەرگدا، زۆر زیاترە لە ٤٠٪ و نزیکەی ١٠٠٪ هەڵاوسانمان هەبووە». واقیعییەت ئەوەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بە شێوەیەکی گشتی سیستەمی سەرمایەداریی ئێران لە داوی قەیرانێکی ئابووریی هەمەلایەنەدا گرفتارە و وەک هەمیشە بۆ کەمکردنەوەی ئەم قەیرانە پەنا بۆ بەردەستترین ئامرازەکان دەبات کە بریتییە لە چەوساندنەوەی هەرچی زیاتری کرێکاران. هەربۆیە بە دڵنیاییەوە لە ڕێگەی گفتوگۆی فریوکارانەی شۆڕای باڵای دیاریکردنی حەقدەستەوە نانێک بە سفرەی کرێکاران زیاد ناکرێت. بەڵام کرێکاران بە هەماهەنگ کردن و یەکخستنی خەباتی ڕوو لە گەشەی خۆیان دەتوانن هەلومەرجی کار و گوزەرانی باشتر بەسەر ڕژیمی و چینی سەرمایەداری ئێراندا بسەپێنن. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کە دەستیان بەسەر سەرچاوەی سەروەت و سامانی ئەم کۆمەڵگایەدا گرتووە، هەتا نەکەونە ژێر گوشاری خەباتی یەکگرتووانە و سەرتاسەریی کرێکاران، ژیانی کرێکاران و بنەماڵەکانیان باشتر ناکەن. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و سەرجەم ئەو سەرمایەدارانەی کە لە دەوری ئەم ڕژیمە کۆبوونەتەوە، لە غیابی بزووتنەوەیەکی بەهێزی کرێکاریدا، هەروا بەردەوام دەبن لە کەڵەکەکردنی سەروەت و سامان و پاراستن و بەهێزکردنی دام ودەزگاکانی سەرکوت. ئەوان توانیویانە بە پشتبەستن بە لەشکری ملیۆنی بێکاران، هەژاری و دووبەرەکی و دژوارترین بارودۆخی کارکردن و حەقدەستی کەم بەسەر کرێکاراندا بسەپێنن. لەم دۆخەی ئێستادا کە چینی کرێکار و نەوەی داهاتووی ئەو چینە، مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، تەنها بە وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی بەهێزی داواکاریی تەوەر دەتوانرێت بەر بەم لەناوچوونە بگیرێت. بزووتنەوەیەکی لەم چەشنە، لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا دەتوانێ ببێتە هۆی ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی. بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی داواکاری تەوەر، پێویستە ئەو خەباتانەی ئێستا خۆیان لەم پرش و بڵاوییە ڕزگار بکەن. پێویستە داواکارییە بەپەلە و هەنووکەییەکانی چینی کرێکار لە ئاستێکی سەراسەریدا ببێتە پرسی سەرجەم کرێکارانی لەسەرکار و بێکار، ژن و پیاو، کرێکاری سادە و لێهاتوو، فەرمی و گرێبەستی. وەدیهاتنی ئەم پرسەش لە گرەوی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی ئێستای نێوان هەڵسووڕاوانی کرێکاریی دایە لە ڕەهەندێکی سەرتاسەریدا. بە بەشداری و دەخالەتی چالاکانە لە خەباتەکانی ئێستای کرێکاران و بەهێزکردنی ڕۆحی هاوپشتی چینایەتی لەم خەباتانەدا، دەتوانرێت هاوسەنگی هێزی چینایەتیی بە قازانجی کرێکاران بگۆڕدرێت و بزووتنەوەی کرێکاریی پێگەیەکی گونجاوتر بۆ خۆڕێکخستن و گەیشتن بە ویست و داواکارییەکانی بەدەست بهێنێت

****

## لە یادی کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و گیانبەختکردنی پێشمەرگەکانی گوردانی شوان



لەمەوبەر ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەشەممە، لە کاتژمێر ١١:٣٥ خولەکی سەرلەبەیانی و لە دۆخێکدا کە شەڕی کۆنەپەرستانەی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق لە کۆتاییەکانی خۆی نزیک دەبووەوە، چەند فڕۆکەیەکی بۆمب هاوێژی ڕژیمی بەعسی عێراق بەسەر ئاسمانی شاری هەڵەبجە لە کوردستانی عێراقدا دەسوڕانەوە و یەکەم بۆمبی کیمیاوییان بەسەر منداڵان، ژنان، پیاوان و گەنج و لاو و بەسەر ئەو شارەدا باراند. لە هەمان سەعاتەکانی سەرەتای ئەو ڕۆژەدا، زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە دانیشتوانی شارەکە گیانیان لەدەستدا و ژمارەیەکی زۆریش بریندار و ژەهراوی بوون. ڕژیمی بەعس تاوانێکی زۆری دژ بە خەڵکی عێراق و بەتایبەت لە کوردستان ئەنجامدا و لە کاتی ئۆپەراسیۆنە بەدناوەکەی ئەنفالدا زیاتر لە ١٨٠ هەزار کورد بە ژن و منداڵ و پیر و لاوەوە کوژران، لە سێدارەدران، یان لە بیابانەکانی ناوەڕاستی عێراقدا بەکۆمەڵ، زیندەبەچاڵ کران، شارەکان و چەند هەزار گوندی وێران کرد و دانیشتوانەکانی بە شێوەیەکی درندانە لە کەمپە زۆرەملێکاندا کە زیاتر لە وەک پادگانی سەربازی دەچوون، نیشتەجێ کرد سەدام حسێن و حکوومەتی بەعسی عێراق لە بارودۆخێکدا تاوانی مرۆییان بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان ئەنجامدا کە دوو زلهێزی ئەوکات، واتە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پەیوەندییەکی بەربڵاوی سیاسی و بازرگانی و هاوکارییان لەگەڵ ڕژیمی بەعسدا هەبوو. لە کاتی شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستان و شەڕی ئێران و عێراقدا، سەدام حسێنیان لە بەرامبەر دۆلارە نەوتییەکاندا بە هەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتووی جیهان تەیار کرد. وڵاتان و شیرکەتە ڕۆژئاواییەکان دەستیان هەبووە لە تەیارکردنی سەدام حسێن و ڕژیمی کیمیاییدا، ئیمکانی بەڕێوەچوونی تاوانەکانی هەڵەبجە مەحاڵ بوو. ئەمڕۆ خەڵکی هەڵەبجە و کوردستان، شارەکەیان سەرلەنوێ ئاوەدان کردووەتەوە و سەدام حسێن و ڕژیمی بەعس بە گۆڕستانی مێژوو سپێردران. یادی سەرجەم قوربانیانی ئەو کارەساتە مێژووییە بۆ هەتا هەتایە لە دڵماندا زیندوو دەمێنێتەوە. ئەوان بە مەرگی دڵتەزێن و کارەساتباری خۆیان، جارێکی دیکە پێویستی خەبات لەپێناو ئاشتی و ئازادی و یەکسانی مرۆڤایەتیان وەک پرسێکی بەپەلە و هەنووکەیی، وەبیر مرۆڤایەتی ئەمڕۆ، هێناوە ئەم ڕۆژانە هەروەها ساڵڕۆژی گیانبەختکردنی پێشمەرگەکانی گوردانی شوان یەکێک لە گوردانە بەهێز و چاونەترسەکانی کۆمەڵەیە. ئەم پۆلە پێشمەرگەیەی کۆمەڵە لە کاتی هێرش بۆسەر ناوچەکە، لە گوندی سنووریی بیارە لە حاڵەتی پشوودا بوون و کاتێک هێرشەکە دەستی پێکرد، بە مەبەستی خۆدەربازکردن لە ناوچەی شەڕەکە، گوندەکەیان بەجێهێشت و ڕێگایەکیان بەرەو پشتەوەی میحوەری شەڕەکە هەڵبژارد. بەڵام لەم ڕێگایەدا لەگەڵ دوو کێشەی گەورە بەرەوڕوو بوونەوە، یەکەمیان ئەو گازە ژەهراویەی کە لە ناوچەکەدا بڵاوببووەوە، کاریگەریی لەسەر ئەوانیش دانابوو و توانایی جوڵە و بەرەوپێشچوونی بەڕادەیەکی زۆر لێ سەندبوون و دووەمیش ئەو پردەی کە دەیتوانی وەک ڕێگەی پاشەکشە کەڵکی لێ وەربگرن، کەوتبووە دەست هێزەکانی ڕێژیم و وێران کرابوو، هەربۆیە پێشمەرگەکانی گوردانی شوان هیچ ڕێگەیەکیان جگە لە چۆمی سیروان بۆ پاشەکشە کردن بۆ نەمابووەوە، واتە جێگایەکی کە هێزێکی پشتوانی کۆمەڵە بۆ بەهاناوەچوونیان لەوبەری دەریاچەکە چاوەڕێیان دەکردن. هەوڵی هێزەکانی بەهاناوەچوون بەمەبەستی ناردنی بەلەمی ڕزگارکەر، سەرکەوتوو نەبوو و چەند کەسیش تێکهەڵچوون و پێشمەرگە ماندوو و بریندارەکان لە نەبەردێکی سەخت و نابەرابەردا تا دوا فیشەک شەڕیان کرد، ژمارەی گیانبەختکردووانی ئەو ڕووداوە، ٦٩ کەس بوون کە ١١ کەسیان دوای ئەوەی کە بەدیلگیران، پاش ماوەیەک و لە کاتی کۆمەڵکوژیی سەرتاسەری زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا، پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر، لە زیندانەکانی ڕژیمی ئیسلامیدا لە سێدارە دران ناوی گوردانی شوان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و چالاکییەکانی کۆمەڵەدا، بەردەوام وەبیرهێنەرەوەی خەبات و فیداکاریی بووە. ڕەوشت و هەڵسوکەوتی گەرموگوڕ و شۆڕشگێڕانە و لەخۆبردوویی و لێبڕاویی خەباتکارانەی ئەم گوردانە قارەمانەی کۆمەڵە، لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و خەباتی کرێکارانی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیست لەدژی دەسەڵاتی ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامی ئێراندا جێگای خۆی کردۆتەوە. لە سی و شەشەمین ساڵیادی گیانبەختکردنی ئەو هاوڕێیانەدا، بە نوێکردنەوەی پەیمان و وەفاداری لەگەڵ ڕێباز و ئارمانە پیرۆزەکانیان و هەروەها بە ڕێزگرتن لە یادی ئازیزی سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگای سۆسیالیزم، بەرز ڕادەگرین. لەم ڕۆژەدا، جارێکی دیکە درووود دەنێرین بۆ بنەماڵە و کەسوکاری ئەو هاوڕێیانە کە بە تەحەمولکردنی ڕەنج و ئازاری لەدەستدانی جگەرگۆشەکانیان، بوونەتە هەوێنی هیوا و دڵگەرمی هەرچی زیاتری ئێمە لە خەبات و درێژەدان بە ڕێبازی ئازیزەکانیان. بە هیوای ئەو ڕۆژەی کە ئاشتی و ئازادی و خۆشگوزەرانی، جێگای ئەو شەڕ و نائەمنی، ئەشکەنجە، زیندان و هەژاری و نایەکسانییە بگرێتەوە کە، سیستەمی سەرمایەداری هۆکار و سەبەبکاری مانەوەیانە

****

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 445-March 2024

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

## شادی و هەڵپەڕکێی ئاوێتە لەگەڵ دروشمی شۆڕشگێڕانە و دژە حکوومەتی لە شەوی چوارشەممە سووریدا



ئێوارەێی ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی ڕەشەممە، چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک و بەتایبەتی لاوانی کچ و کوڕ بە کردنەوەی ئاگر و سەما و هەڵپەڕکێ و بازدان بەسەر ئاگرەکەدا، کۆتا چوارشەممەی ساڵی ١٠٤٢یان کرد بە مەیدانی نەبرددێکی سیاسی تر، مەیدانی خەباتگێرانی درێژەپێدەری شۆڕشی ژینا لە دژی کۆماری ئیسلامی. نەبەردی ئەمساڵ لەبەر چاوی هێزە زۆر و زەوەندەکانی ڕژیم و بەتایبەت لیباس شەخسییە بەکرێگیراوەکان و سەرەڕای پڕوپاگەندەی بەربڵاوی میدیا دەوڵەتییەکان دژ بە ڕێوڕەسمەکانی شەوی چوارشەممە سووری و دوابەدوای شکست و ناکامی حکوومەتی ئیسلامی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا، لە ئاستێکی بەربڵاوتر لە ساڵانی ڕابردوو، بەڕێوەچوو. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵگرییەکان و ئەو وێنە و ویدئۆیانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، لاوانی تێکۆشەر بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»، «مەرگ بۆ خامنەیی»، «مەرگ بۆ دیکتاتۆر» و «ئازادی، ئازادی، ئازادی» ئاگری شەوی چوارشەممە سوورییان داگیرساند و لە دەوری ئاگرەکە دەستیان کرد بە سەما و شادی و هەڵپەڕکێ. بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی بەدەستمان گەیشتووە، ڕێوڕەسمەکانی چوارشەممە سووری لە سەدان شار و گوندی جۆراوجۆر، لەوانە گەڕەک و شارۆچکە جۆراوجۆرەکانی تاران، ئیسفەهان، ڕەشت، سنە، دیواندەرە، سەقز شوێنی لە دایکبوونی مەهسا (ژینا) ئەمینی ئازیز، ڕەوانسەر، زاهیدان، قوروە، کرماشان و گوندەکانی ئەوێهەنگ، تەنگیسەر و هتد، بە شێوەیەکی بەربڵاو بەڕێوەچوون. بەشدارانی ڕێوڕەسمی شارۆچکەی ئەکباتانی تاران، وێڕای سووتاندنی وێنەی خامنەیی و وتنەوەی دروشمی مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی، یادی ئارمیتا گراواند گیانبەختکردووی شۆڕش و نافەرمانی مەدەنییان بەرز ڕاگرت. لە کوردستان دایە شەریفە دایکی ڕامین حسێن پەناهی زیندانی سیاسی، کە ساڵی ٩٧ لە سێدارە درا، هاوکات لەگەڵ ئاگرکردنەوەکان، لە ئەکتێکی ڕەمزیدا دژ بە ئێعدامەکان، پەتێکی سێدارەی ئاگر تێبەردا. لە ناحیەی گیشای تاران، خەڵک وێڕای وتنەوەی دروشم لە دەوری ئاگرەکە، سەمای کوردییان کرد پۆلیس و ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی سەر بە ڕژیم، سەرجەم ئەو دیمەنانەیان سانسۆر کرد و تەنیا ڕووداوەکانی سەرچاوەگرتوو لە دروستکردنی نارنجۆکی دەستی و ئاگرکەوتنەوە و هێرشی خەڵک بۆ سەر ماشێنێکی ئاگرکوژێنەوەیان بڵاوکردەوە کە لە ڕاستیدا لەلایەن پۆلیسەوە بەکارهاتبوو. پۆلیس و ڕاگەیاندنەکانی ڕژیم بە ئەنقەست ئەو ڕاستییەیان چەواشە کردووە و دەیشارنەوە کە پۆلیس ئەو ماشێنی ئاگرکوژێنەوەی بەکار هێناوە و جەماوەری وشیار بەوجۆرە بێزاری و تووڕەیی خۆیان دژ بەو کردەوەیەی سەرکوتگەرانی ڕژیم دەربڕیوە. ئەوان هیچ ئاماژەیەکیان بەوە نەکردووە کە ئەو یارییە ئاگرین و نارنجۆکانەی کە هەندێک جار بەرەو هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕژیم فڕێدراون، نیشانەی تووڕەیی و ڕق و بێزاریی قووڵی جەماوەری ناڕازی و گەنج و لاوەکانە دژ بە کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوەکانی. خەڵک جگە لە هەژاری و بێکاریی، حەقدەستی کەم و مەمرە و مەژی، گرانی و هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر، زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام، لە دەست پڕوپاگەندەی نەریتی دواکەوتووانەی ئایینی، لەخۆدان و ماتەمینی و مەرگیش وەزاڵە هاتوون و لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی بە سەما و هەڵپەڕکێ و یاریی ئاگرین و شێوازەکانی دیکەی شادی دەربڕین، دەچنە شەڕی ئەو دەسەڵاتە کۆنەپەرست و جینایەتکارە. ڕژیمی ئیسلامی لە جەژن و شادی خەڵک دەترسێت. ئەم ڕژیمە نەک هەر لە نەورۆزدا، بەڵکوو بە درێژایی ساڵ نایهەوێ بزەی شادی و خۆشی بکەوێتە سەرلێوی خەڵک، خەمۆکی و نائومێدی و بێهیوایی خەڵک، هۆکار دەبێت بۆ درێژەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی. ئەم ڕژیمە کۆمەڵگایەکی ملکەچ و گوێڕایەڵی دەوێت کە تێیدا مرۆڤەکان لە ئاست ئەو چارەنووسەی کە ڕژیم بۆی دیاریکردوون، سەر دابنەوێنن. ڕێوڕسمەکانی هاوسەرگیری بە بیانووی ئەوەی کە تێیاندا حیجابی ئسلامی ڕەچاو ناکرێت و مەودای نێوان ژن و پیاو لەبەرچاو ناگیرێت، تێکدەدات. ڕێگری دەکات لە بەڕێوەچوونی کۆنسێرت و مۆسیقا. ئەو گەنج و لاوانەی کە لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا لەدەوری یەکتر کۆدەبنەوە و ساتێکی خۆش بەیەکەوە بەسەر دەبەن، دەداتە بەر ئەزیەت و ئازار و سوکایەتیان پێدەکات. لە ڕاستیدا ئەگەر دونیا بە ویستی ڕژیمی ئیسلامی ئێران بوایە، ئەم کۆمەڵگایە دەبوو بە درێژایی ساڵ و هەموو ڕۆژێک بە بیانووی جۆراوجۆر ڕەشپوش و ماتەمبار بێت. بەڵام زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە لە ئاست ڕژیمی ئیسلامیدا سەریان دانەنواندووە. هەروەک دەبینین، سەرەڕای هەڕەشە و تەنانەت گرتن و زیندانی کردنیش لەم پێوەندییەدا، خەڵک لە سەرتاسەری ئێران هیچ گرنگییەک بەو دژایەتیانە نادەن. مۆسیقا و هونەر و گۆرانی و سەما و شادی لە حەشارگەکان هاتوونەتە دەرەوە. مەراسمەکانی چوارشەممە سووری و نەورۆز لە زومرەی ئەوانەن. لە بەرامبەر فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی زاڵدا، خۆڕاگریی پێشکەوتنخوازانە سەریهەڵداوە ئەو جەژن و ڕێوڕەسمانانەی چوارشەممە سووری کە ئاماژە بە چەند نموونەیەکیان کرا، سەرەتای ڕێوڕەسمگەلێکی نەورۆزی دەبێت، کە پتر لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ساڵانی ڕابردوو، سیاسی و یەکگرتووانە و خەباتکارانە دەبێ و دیمەنێکی ترە لە ورەی بەرزی جەماوەری فیداکار و ناڕازی سەردەمی شۆڕشی ژینا. تا ئێستا ڕژیم و هێزە سەرکوتگەرەکانی هاوشێوەی مەیدانەکانی دیکەی نارەزایەتی و خەبات و خۆڕاگریی، لەبەرامبەر جەماوەری ناڕازیدا پاشەکشەیان پێکراوە. پێویستە ڕێوڕەسمەکانی ڕۆژانی هەستیاری داهاتوو، وێڕای شادی و خۆشی و چێژ وەرگرتن و هەروەها پاراستنی سەلامەتی گیانی بەشداربووان، ئامادەکارییەکی هەرچی زیاتریش بێت بۆ نەبەردە چارەنووسسازەکانی داهاتوو

****

## دواستون

### هەڵبژاردن و عەدالەت، مەزهەلە یان موسیبەت؟

نووسینی:سەلام قادری

ئینسان ئەبێ ڕۆحانی بێت تاوکوو خوای بەخشندە ئەو فەزیلەتەی بداتێ کە هەموو فەزاحەتێ بە ئێعجازی کەلام بەرگوزار کات. هەڵبژاردن خۆی کەم مەزهەلە و گاڵتەجاڕ بوو کە دەنگ نەدانی سەیدی مەمنوع التەسویریشی پێ زیاد بوو. موحەممەدی خاتەمی کە دەیان ساڵە لە لایەک لە لایەن ڕکابەرەکانیەوە بێدەنگ کرابوو و تەنانەت ڕێگای ئەوەی پێنەدرابوو کە سەردانی پرۆستاتی ئاغا بکات و، لە لایەکی ترەوە لە لایەنی خەڵکەوە لە کولەکەی تەڕیشدا ناوی نەمابوو ، هاتوو وتی:« نایدەم، نا، ئەمجارە نایدەم»، هەرچی خوایش و تەمەنای لێکرا، کوڕە سەیی ئەم جارەیش بیدە، هات و وتی نا، نایدەم ئەم جارە دەنگ نادەم. ئەم بەزەمەی سەید خەندان دەکاتە ئەو مەسەلەی کە دەڵێت:«ئەسپیان ناڵ دەکرد، سیسرکیش لاقی بەرز دەکردەوە» یەکێک نییە وەکوو ئەو دێڕە بەناوبانگەی شانۆ نامەی هەملت بڵێت، بوون یا نەبوون، دان یان نەدان، کێشە ئەوەیە کە ئیتر تەواوە ماجەرا. لە لایەکی ترەوە کۆماری ئیسلامی کە بە مەحکەمە دەڵێت:« قوەی قەزائییە» واتە هێزی قەزاوەت کردن، هەر جێگری یەکەمێکی دادەنا بە گەندەڵ دەردەچوو، جارێک نارۆحانیان دانا کە لە ئەگەری گەندەڵ دەرچوونیا، داوێنی ئایەتوڵایەک هەڵنەژەندرێت لە گەندەڵیەوە کە داوێنی خودی حوجەت و ئیسلامیشی هەڵژەند لە خۆی و ڕفێقەکانی و لەواساناتەوە. جاری دووهەم وتیان ئەمجارە خودی حوجەتو الئیسلام دەکەین بە جێگری یەکەم کە دیندار و لە خواترس و دەست و داوێن پاکە، کە چی ئەگەر ئەوەی پێشوو تەنیا بە دوودەستی خۆی دزی دەکرد، ئەمەی تر جیا لە دەستەکانی خۆی بە چوار دەستی دوو ئاغازادەکەیشیەوە گەندەڵایە عەداڵەتەوە. وەکوو باسکرا پارڵمان، دەنگدان و دێموکراسی بەس نەبوو ئەم حکومەتەی عەدلی عەلی عەدالەتیشی لە خشتە برد. ئیستا ئیتر هێندە «گەندەڵی جێگری یەکەمەکان» دووبارە بووەتەوە کە دەبێت یان ئەم یەکە نەگبەتە لە جێگر جیا بکەنەوە و، ناوی مەنسەبەکە بنێن جێگری بێرەقەم و ژمارە، یان وەک دوانە دژەکانی وەک ئاو و ئاگر، یان ڕەش و سپی، بەم هێزە بڵێن قوەی فەسادیە و بە جێگری یەکەمیش بڵێن «جێگری یەکەمی قوەی فەسادیە» بەڵکوو بەعەکسەوە هێندە لە عداڵەت و ڕاستگۆییە بگلێن کە ئیتر کێشەکە چارەسەر بێت و ئەم چیرۆکە دووبارەیەی فەسادی جێگرە یەکەمەکان کۆتایی پێ بێت

****